# ڕۆڵی کەناڵە پەروەردەییەکان لەبەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون لای خوێندکارانی هەرێمی کوردستان
## توێژینەوەیەکی مەیدانییە بۆ خوێندکارانی ئامادەییەکانی شاری سلێمانی

**کاروان محەمەد حەسەن[١]، ئەمیرە ئەحمەد ڕەشید[٢]**

[١،٢] بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: karwan.hasan@univsul.edu.iq

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئاشکراکردنی ڕۆڵی کەناڵە پەروەردەییەکانە لەبەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون لای خوێندکارانی هەرێمی کوردستان و زانینی ڕێژەی بەکارهێنان و گرنگی وبایەخی ئەو کەناڵانەیە بۆ خوێندکاران ، گرنگی توێژینەوەکەش بۆ بەرچاو ڕوونی کەناڵە پەروەردەییەکانە لە بەئاگابوونیان لەو بەرنامە فێرکارییانەی کە پێشکەشی دەکەن و چۆنێتی ڕەنگدانەوەیان لەسەر ئاستی فێربوونی خوێندکاران ، بۆ ئەو مەبەستەش توێژەر توێژینەوەیەکی وەسفی ئەنجامداوە لەڕێگەی دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی بەڕێگای هەڵبژاردنی مەبەستدار ، کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکهاتووە لە خوێندکارانی قۆناغەکانی (١٠، ١٢، ١١ ) ی هەردوو بەشی (زانستی و وێژەیی) بۆ هەردوو ڕەگەزی ( نێر و مێ ) ی ئامادەییەکانی پارێزگای سلێمانی کە ژمارەیان( ٤٥٥) خوێندکارە ، بۆ دەرهێنانی ڕێژەی ئاماری وەڵامەکانیش توێژەر ئامرازی ئاماریی بەکار هێناوە ، لەکۆتایدا توێژەر بەو ئەنجامە گەیشتووە کە خوێندکاران بەڕێژەیەکی بەرز وەك سەرچاوەیەک بۆ فێربوونی وانەکانیان سودیان لە تەماشاکردنی کەناڵە پەروەردەییەکان وەرگرتووە ، هەروەها زۆر بەی ئەو خوێندکارانەی کە کەناڵە پەروەردەییەکان بەکار دەهێنن لە ڕەگەزی ( مێ) ن و ڕەگەزی نێر ڕێژەکەیان کەمترە .

**کلیلە وشەکان :** ڕۆڵ ، کەناڵە پەروەردەییەکان ، فێربوون

**الملخص**

يهدف هذا البحث الى الكشف عن دور القنوات التربوية في رفع مستوى التعلم لدى طلبة اقليم كردستان ومعرفة نسبة استخدامهما واهمية هذه القنوات للطلبة ، تكمن أهمية البحث لرؤية واضحة لقنوات التربوية في وعيهم بالبرامج التعليمية التي تقدمونها وكيفية انعكاسهم على مستوى تعلم الطلبة ، ولهذا الغرض قام الباحثة بعمل بحث الوصفي من خلال توزيع استمارة المسح (الاستبيان) من خلال الانتقاء المتعمد ، ويتكون مجتمع البحث من الطلبة (١٠ ، ١١ ، ١٢) من كلا القسمين ( العلمي و الادبي) لكلا الجنسين ( ذكورا و اناثا) ، من مدارس الثانوية محافظة السليمانية والبالغ عددهم (٤٥٥) طالبا وطالبة ، ولاستخراج احصائيات الاجابات استخدمت الباحثة ادوات الاحصائية ، وفي النهاية توصلت الباحثة الى استنتاج مفادة ان الطلاب بنسبة عالية استفادوا من مشاهدة قنوات التربوية كمصدر لتعلم دروسهم ، فضلا ان غالبيةالطلاب الذين يستخدمون القنوات التربوية من جنس ( الاناث ) و الذكر لديهم معدلات أقل .

**الكلمات المفتاحية :** الدور ، القنوات التربوية ، التعلم

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10449 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٨/١٠ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١٠/٤ \| ڕێککەوتی بلاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | karwan.hasan@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بلاو کردنەوە | ©٢٠٢٣ پ.ی.د.کاروان محەمەد حەسەن، ئەمیرە ئەحمەد ڕەشید، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## Abstract

This research aims to reveal the role of educational channels in raising the level of learning among the students of the Kurdistan Region and to know the percentage of their use and the importance of these channels for studentsn , The importance of the research for a clear vision of the educational channels lies in their awareness of the educational programs they offer and how they reflect on the level of student learning , for this purpose the researcher has done a thoughtful research through the distribution of the survey form ( questionnaire) to the students of grades (10,11 and 12) of the two sections (literary and scientific) for both genders , whose number (455) students in sulaymaniyah , to get their snswer , and in the end the researcher came to the conclusion that students benefited greatly from watching educational channels, the majority of students who use educational channels are female and have lower rates .

Key words : role , educational channels , learning

## پێشەکی

ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی گشتی و کەناڵە پەروەردەییەکان بەتایبەتی گرنگی و بایەخەییان لەو پرۆگرام وبەرنامە وبابەتە فێرکاریانەوە سەرچاوە دەگرێت کە بڵاوی دەکەنەوە و دەبنە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ وانەکانی خوێندنی خوێندکاران ، کەناڵە پەروەردەییەکانیش لەپرۆسەی خوێندندا بە یارمەتیدەرێکی گرنگ ئەژمار دەکرێن کە دەبنە هۆی ئاسانکاریەکی بەرچاو بۆ خوێنکاران و خودی مامۆستایانیش ، لەو ڕوانگەیەوە بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون لای خوێندکارانی هەرێمی کوردستان بەیەکێك لەو ئەرکە گرنگانە دادەنرێت کە کەناڵە پەروەردەییەکان پێی هەڵدەستن ، ئەمەش وای لە توێژەرکرد (ڕۆڵی کەناڵە پەروەردەییەکان لەبەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون لای خوێندکارانی هەرێمی کوردستان) بکاتە کێشەی سەرەکی توێژینەوەکەی ، هەتا وەکو لەم سۆنگەیەوە لەبەش وباس وڕێوشوێنی مەیدانیی پەیوەستدا بگاتە وەڵامێکی زانستی گونجاو ، هەروەها توێژەر دەیەوێت بگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئایا کەناڵە پەروەردەییەکان وەک پێویست توانیویانە ڕۆڵیان لە باشتر تێگەیشتنی خوێندکاران بۆ وانەکان هەبێت و لەڕێگەی خویندنی ئۆنلاین و بەکارهێنانی ئەو کەناڵانە بۆ بابەتی فێربوونی وانەکان سوود بە پرۆسەی فێرکاری لەهەریمی کوردستاندا دەگەیەنن ، چونکە توێژەر پێی وایە کە وەڵامدانەوەی ئەم پرسەش بە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بایەخێکی گرنگی بۆ توێژەرانی دیکە وکتێبخانەی کوردی دەبێت ، بۆئەم مەبەستەش توێژینەوەکە بەسەر(چوار)بەشدا دابەش کراوە:- بەشی یەکەم پێکهاتووە لەچوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە کە کێشە و ئامانج و گرنگی و جۆر وکۆمەڵگە و سامپڵ و ئامراز وڕاستی و جێگیری و سنور و چەمك و گریمانەی توێژینەوەکە و توێژینەوەکانی پێشوو دەگرێتەوە ، بەشی دووەمیش بەناوونیشانی ڕاگەیاندن و پەروەردەیە کە لە چوار پاڕ پێکهاتووە ، پاڕی یەکەم باسی نێوان ڕاگەیاندن و پەروەردە کراوە ، پاڕی دووەم باسی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی کراوە ، پاڕی سێیەم باسی کەناڵە پەروەردەییەکان و فێرکردن کراوە ، پاڕی چوارەم باسی بایەخی کەناڵە پەروەردەییەکان لە بواری فێرکردندا کراوە ، هەرچی بەشی سێیەمیشە لەپراکتیکنامەی توێژینەوەکە پێکهاتووە ، لەکۆتایدا سەرەڕای برگەکانی پێشوو لەسەرتوێژینەوەکە ، ئامار وبابەت و شرۆڤە وشیکردنەوە وئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردە و سەرچاوەکان لەخۆدەگرێت .

## بەشی یەکەم : چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

**یەکەم : کێشەی توێژینەوەکە :** یەکەمین هەنگاوی هەرتوێژینەوەیەکی زانستی بریتی یە لە دیاریکردنی کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە ، هەستکردن بوونی کێشەیەک کە پێوستی بەوەسف و لێکدانەوە و چارەسەرکردن هەبێت ،سەرەتایەکی لۆژیکیە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی وردی زانستی ، کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتی یە لەخستنەرووی (ڕۆڵی کەناڵە پەروەردەییەکان لە بەرزکردنەوەی ئاستی فیربوون لای خوێندکارانی هەرێمی کوردستان) ، بۆزیاتر ڕوونکردنەوەی کێشەی ئەم توێژینەوەیە لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەدا خۆی دەبینێتەوە :-

١- ئایا کەناڵە پەروەردەییەکان ڕۆڵیان لە پرۆسەی فێربوون و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی خوێندکاران چۆنە ؟

٢ - ئایا ڕێژەی بەرکەوتنی خوێندکاران لەگەڵ کەناڵە پەروەردەییەکاندا چەندە ؟

٣ - ئەو بوارانە کامانەن کە زیاتر کەناڵە پەروەردەییەکان بایەخیان پێدەدەن ؟

٤ - ئایا خوێندکاران بەچی ڕێژەیەک لە کەناڵە پەروەردەییەکان سوودمەند بوون ؟

**دووەم : ئامانجی توێژینەوەکە :** هەموو توێژینەوەیەکی زانستی کۆمەڵێک ئامانجی هەیە ، دەکرێت ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش لەم چەند خاڵەدا دیاریبکرێت :

١- ناساندن و شیکردنەوەی چەمکی کەناڵی پەروەردەیی و فێربوون .

٢ - خستنەڕووی تواناو ڕۆڵی کەناڵە پەروەردەییەکان لە بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون لای خوێندکارانی هەرێمی کوردستان و لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ئەوکەناڵانە لەلایەن خوێندکارانەوە .

٣ - دیاریکردنی ڕادەی بەکارهێنانی کەناڵە پەروەردەییەکان لەلایەن خوێندکارانی هەریمی کوردستانەوە .

٤ - دەرخستنی پێگەو گرنگی کەناڵە پەروەردەییەکان لای خوێندکارانی هەرێمی کوردستان .

٥ - زانینی ڕادەی پشت بەستن و بەکارهێنانی کەناڵە پەروەردەییەکان لەلایەن خوێندکارانی هەرێمی کوردستانەوە وەک ئامرازێکی کاریگەر بۆ فێربوون .

**سێیەم : گرنگی توێژینەوەکە :** توێژەر پێی وایە ئەم توێژینەوەیە گرنگی هەیە لەڕووی :-

١- گرنگی ئەکادیمی :- لە پێناو پەرەپێدان بەلایەنی زانستی بەشێکی گرنگ و دانەبڕاوی پرۆسەی فێربوون کە بریتی یە لەکەناڵە پەروەردەییەکان ، کە دەبێتە توێژینەوەیەکی زانستی و کەلێنیک لەنێو کتێبخانەکانی ناوەندە ئەکادیمییە جۆراوجۆرەکاندا پڕدەکاتەوە لەهەرێمی کوردستاندا .

٢- گرنگی پراکتیکی :- بەو پێیەی کەناڵە پەروەردەییەکان یەکێکن لەوکەناڵە گرنگانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە خوێندکارانەوە هەیە ، گرنگە لەو ڕۆڵانە تێبگەین کە لەسەر ئاستی فێربوونی خوێندکاران دروستی دەکات ، هەروەها ئەم توێژینەوەیە بەرچاو ڕوونیەک دەدات بە کەناڵە پەروەردەییەکان تا لەوە بەئاگابن کە ئەو بەرنامە فێرکاریانەی پێشکەشی دەکەن بەگشتی چ ڕەنگدانەوەیەکی لەسەر خوێندکاران دروست کردووە و هەتا چ ئاستێک لێی سوودمەند بوون .

٣ - گرنگی بۆ خوێندکار :- بەوپێیەی بەرنامە فێرکاریەکان لەرێگەی تەلەفزیۆنە پەروەردەییەکانەوە خۆیان دەکەن بە گشت ماڵێکدا و بەشێکی زۆری خوێندکاران تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆ مەبەستی فێربوون بەکاردەهێنن ، ڕۆڵیان لە پرۆسەی فێربووندا هەیە ، ئەم توێژینەوەیە دەبێتە بەرچاو ڕوونیەک بۆ شێوازی مامەڵەی خوێندکاران لەگەڵ ئەو کەناڵانە و بەئاگابوون لە ناوەڕۆك و بەهای بەرنامەکان .

**چوارەم: جۆرو میتۆدی توێژینەوەکە :** ئەم توێژینەوەیە جۆرێکە لە توێژینەوەی "وەسفی" کە ئامانج لێی شیکردنەوە و وەسف کردنی دیاردەیەکە بە مەبەستی گەیشتن بە راستی و زانیارییەکانی تایبەت بەو دیاردەیە، چونکە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی ڕۆڵی کەناڵە پەروەردەییەکان لەبەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون لای خوێندکارانی هەرێمی کوردستان، بە بەکارهێنانی میتۆدی "ڕووپێوی" مەبەستدار، بەوپێیەی شێوازێکی زانستییە بۆ دەستکەوتن و کۆکردنەوەی زانیاری و پۆلێنکردنیان. هەروەها ئەم توێژینەوەیە فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە لەپێناو زانینی ڕادەی سوود وەرگرتنی خوێندکاران لەکەناڵە پەروەردەییەکان و کاریگەری ئەوکەناڵانە لەبەرزکردنەوەی ئاستی فێربوونیاندا.

**پێنجەم :** کۆمەڵگاو سامپڵی توێژینەوەکە : ١ - کۆمەڵگای توێژینەوە : کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکهاتووە لەخوێندکارانی قۆناغەکانی (١٠ ،١١، ١٢) ی ئامادەیی هەردووبەشی (زانستی و ویژەیی) لە خوێندنگاکانی ناوەندی شاری سلێمانی کە هەردوو پەروەردەی ( ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) دەگرێتەوە لەگەڵ دەرەوەی شاری سلێمانی کە پەروەردەکانی ( شارباژێر ، دووکان ، سەیدسادق ، دەربەندیخان ، چەمچەماڵ ، پشدەر ، پێنجوێن ، شارەزوور ، ڕانیە ، قەرەداغ ) دەگرێتەوە کە هەموو پەروەردەکان دەکاتە ( ١٢) مەلبەند کە سەر بە بەرێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانین ، ژمارەی گشتی خوێندکارانیش ( ٩١١١٠) خوێندکارە ، نموونەی توێژینەوەکەش وەرگرتنی خوێندکارانە کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێیان داوە ، بەپاساوی ئەوەی خوێندکاران و ئەرکەکانیان پەیوەستە بە پرۆسەی فیربوونەوە . بڕوانە خشتەی ژمارە (١) ، ژمارەی خوێندکاران لە ئامادەییەکانی پارێزگای سلێمانی تێدایە .

**خشتەی (١)**

کۆمەڵگای توێژینەوەو ڕێژەی وەرگرتنی خوێندکاران لەسەرجەم بەرێوەبەرایەتیەکانی پەروەردەی پارێزگای سلێمانی

(ژمارەی خوێندکاران لە ئامادەییەکانی پارێزگای سلێمانی)

| پەروەردەکان | ڕۆژئاوا | ڕۆژهەڵات | چەمچەماڵ | ڕانیە | پشدەر | سەیدسادق | دووکان | شارەزوور | دەربەندیخان | پێنجوێن | شارباژێر | قەرەداغ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی خوێندکاران | 25190 | 15577 | 12475 | 12088 | 6478 | 5111 | 4009 | 3957 | 3062 | 1665 | 1097 | 401 | ٩١١١٠ |
| ڕێژەی وەرگرتن | 127 | 79 | 63 | 60 | 32 | 25 | 20 | 19 | 15 | 8 | 5 | 2 | 455 |

**٢ - سامپڵی توێژینەوەکە :** هەستاین بە وەرگرتنی نموونەیەکی گونجاو بۆ توێژینەوەکەمان بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاریەکان کە ئەنجامەکانی ورد وگشتگیرن ، کە وەرگرتنی سامپڵێکی هەڕەمەکی چینایەتی بۆ ( ٤٥٥) لەخوێندکارانی قۆناغەکانی (١٠ ،١١، ١٢) ی ئامادەیی بەهەردووبەشی (زانستی و ویژەیی) یەوە لە خوێندنگاکانی ناوەندی شاری سلێمانی و دەرەوەی شاری سلێمانی هەڵبژاردووە ، پشت بەستن بە ئاماری پەروەردەییەکانی شاری سلێمانی کە ژمارەیان دەگاتە ( ٩١١١٠) نەوەد و یەک هەزار و سەد وەد خوێندکار بە ڕێژەی ( ٥،٠ ٪) سفر پۆینت پێنج لە سەد وەرگرتووە . بڕوانە خشتەی ژمارە (٢) تایبەتمەندی دیمۆگرافی سامپڵی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە .

### خشتەی (٢) تایبەتمەندی دیموگرافی سامپڵی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| تایبەتمەندی دیموگرافی | برگە | دووبارە بوونەوەکان | % |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 194 | 43.9 |
| | مێ | 248 | 56.1 |
| تەمەن | ١٦ بۆ ١٧ ساڵ | 126 | 28.5 |
| | ١٨ بۆ ١٩ ساڵ | 136 | 30.8 |
| | ٢٠ ساڵ بۆ سەروە | 180 | 40.7 |
| قۆناغی خوێندن | ١٠ | 117 | 26.5 |
| | ١١ | 130 | 29.4 |
| | ١٢ | 195 | 44.1 |
| شوێنی نیشتەجێبوون | ناوەندی شاری سلێمانی | 177 | 40.0 |
| | دەرەوەی شاری سلێمانی | 265 | 60.0 |
| پسپۆری خوێندن | زانستی | 183 | 40.4 |
| | وێژەیی | 259 | 59.6 |
| کۆی گشتی | | 442 | 100 |

خشتەی ژمارە (٢) ڕوونی دەکاتەوە : کە بەرزترین ئاستی ڕەگەز لەم توێژینەوەیدا بریتی یە لە ڕەگەزی مێ کەدەکاتە (٥٦,١٪) ، ڕەگەزی نێر (٤٣,٩٪)ی توێژینەوەکەیە ، بەرزترین ئاستی تەمەن بریتی یە لە تەمەنی نێوان (٢٠ ساڵ بۆ سەرەوە) بەڕێژەی (٤٠,٧٪) و تەمەنی نێوان (١٨ بۆ ١٩ ساڵ) (٣٠,٨٪) ،هەروەها نزمترین ئاستی تەمەن بە گوێرەی ئەم توێژینەوەیە بریتی یە لە تەمەنی نێوان (١٦ بۆ ١٧ ساڵ) کە بە ڕێژەی (٢٨,٥٪) ، وە بەرزترین ئاستی قۆناغی خوێندن بریتی یە لە قۆناغی (١٢) دەکاتە (٤٤,١٪) لە کاتێکدا قۆناغی (١١) دەکاتە (٢٩,٤٪) هەروەها نزمترین قۆناغی خوێندن بریتی یە لە قۆناغی (١٠) کە بە ڕێژەی (٢٦,٥٪) ، بەرزترین ئاستی شوێنی نیشتەجێبوون بریتی یە لە (دەرەوەی شاری سلێمانی) دەکاتە (٦٠,٠٪) لە کاتێکدا (ناوەندی شاری سلێمانی) دەکاتە (٤٠,٠٪)، بەرزترین پسپۆری خوێندن بریتی یە لە پسپۆری (وێژەیی) دەکاتە (٥٩.٦٪)هەروەها پسپۆری (زانستی ) بە ڕێژەی (٤٠,٤٪) ، ئەم ئەنجامانە ش دەریدەخات کە ڕەگەزی مێ بایەخ بە کەناڵە پەروەردەییەکان ئەدەن بەراورد بەرەگەزی نێر ،هەروەها ئەو خوێندکارانەی کە تەمەنیان لەنێوان ٢٠ ساڵ و زیاترە بایەخیان بۆ کەناڵە پەروەردەییاکان زیاترە بەراورد بەو خوێندکارانەی کە تەمەنیان لە نێوان (١٦ بۆ ١٧) و(١٨ بۆ١٩) ساڵە ، هەروەها ئەو خوێندکارانەی لە قۆناغی ( ١٢)ن زیاتر بەیاخ بە کەناڵە پەروەردەییاکان ئەدەن بەهۆی پێویستی زۆری خوێندکاران بۆ ئەو کەناڵانە لەو قۆناغەدا ، چونکە بە تەنها هۆڵەکانی خوێندن ناتوانن پێویستی خوێندکار بۆ تێگەیشتن لەوانەکانیان دەستەبەر بکەن ، لە کاتێکدا خوێندکارانی قۆناغەکانی(١٠، ١١) ی خوێندن کەمتر پێویستیان بەو کەناڵانە هەیە ، هەروەها خوێندکارانی بەشی وێژەیی زیاتر بایەخ بە کەناڵە پەروەردەیاکان ئەدەن بەراورد بە خوێندکارانی بەشی زانستی ، هەروەها خوێندکارانی خوێندنگاکانی دەرەوەی شاری سلێمانی زیاتر تەماشای کەناڵە پەروەردەییەکان دەکەن بەراورد بە خوێندکارانی ناوەندی شاری سلێمانی ،ئەمەش دەریدەخات کە خوێندکارانی دەرەوەی شاری سلێمانی بەهۆی نەبوونی ئامرازەکانی تری فێرکردنەوە پەنا بۆ ئەو کەناڵانە دەبەن .

**شەشەم : ئامرازی توێژینەوەکە :** توێژەر فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە ، کەچەندین پرسیاری پەیوەست بەبابەتی توێژینەوەکەی ئاڕاستەی بەشداربووان کردووە.

**حەوتەم: ڕاستی و جێگیری توێژینەوەکە :**

١ - ڕاستی ڕواڵەتی Facevalidity : توێژەر بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاستی فۆرمی ڕاپرسیەکەی بەکارهێناوە ، بەرلەوەی ئەوفۆرمە پڕبکرێتەوە و بکرێتە بنەمای کارکردن پیشانی چەند پسپۆڕو شارەزایەکی بواری ڕاگەیاندن و پەروەردە دراوە پاشان بەگوێرەی پێویست گۆڕانکاری لە برگەکاندا کراوە و ڕاستی فۆرمەکە دەکاتە ٤٤.(٩٦٪) ، بۆ دیاری کردنی ڕاستی ڕواڵەتی توێژینەوەکە ، پشتبەستراوە بە دوو پسپۆڕی بواری ڕاگەیاندن و سێ پسپۆڕی بواری پەروەردەیی بنەرەتی ، پسپۆڕەکانیش لەم بەڕێزانە پێکهاتوون(پ.د. جواد نعمت حسین ، زانکۆی سلێمانی - کۆلێجی پەروەردەی بنەرەتی

پ.د. سابر بکر مستەفا ، زانکۆی سلێمانی - کۆلێجی پەروەردەی بنەرەتی

پ.د. کەریم شەریف قەرەچەتانی ، ، زانکۆی سلێمانی - کۆلێجی پەروەردەی بنەرەتی

پ.ی.د. سەلام نصرالدین،زانکۆی سلێمانی- کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان– بەشی ڕاگەیاندن

پ.ی.د. شێرکۆ جبار محمد ، زانکۆی پۆلەتەکنیکی سلێمانی - کۆلێجی کارگێری - بەشی تەکنیکی میدیا).

٢ – جێگیری توێژینەوەکە Reliability Statistics : توێژەر جێگیریی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکەی بەڕێگەی ڕێکی ناوەکی (الاتساق الداخلي


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

Internal Consistency ) بەبەکارهێنانی هاوکێشەی ( ئەلفاکرونباغ - Cronbach's alpha) دەرهێناوە کە دەکاتە (٠.٩٥٣) .
**هەشتەم: سنووری توێژینەوەکە :**١- بواری کات : ئەم ڕاپرسیە بۆ وەرزی خوێندنی ٢٠٢١ ز - ٢٠٢٢ ز ئەنجامدرا لەسەرەتای مانگی شوباتی ٢٠٢٢ز بۆ مانگی نیسانی ٢٠٢٢ ز کۆتایی پێهێنرا.
٢ - بواری شوێن : شوێنی ئەنجامدانی توێژینەوەکە توێژەر بەمەبەست شاری سلێمانی هەڵبژاردووە و خوێندنگاکانی پارێزگای سلێمانی بۆقۆناغەکانی (١٠،١١،١٢) ی هەردوو بەشی (زانستی و وێژەیی) .
٣ - بواری مرۆیی : ژمارەی ئەو خوێندکارانە دەگرێتەوە کە لە ڕاپرسیەکەدا بەشداربوون و ژمارەیان (٤٥٥) خوێندکاربوو .
نۆیەم: چەمکەکانی توێژینەوەکە : توێژەربە پێویستی دەزانێت لەتێڕوانینی زانستی و گۆشەنیگای بۆ توێژینەوەکەی چەمکەکانی توێژینەوەکەی پێناسە بکات ، واتە تەنها پێناسەی ئیجرائی چەمکەکانی کردووە کە پەیوەندی بەواقعی توێژینەوەکەوە هەیە بەم شێوەیە :
١- ڕۆڵ :- بریتی یە لە ئەرکێک یان ڕەفتارێک کە کەسێک یان لایەنێک دەیگێڕێت لەکاتێکی دیاریکراودا و بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو ، وەک ڕۆڵی کەناڵە پەروەردەییەکان لەبەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون لای خوێندکارانی هەرێمی کوردستان (الكسواني ، ٢٠٠٩ ، ص١٣) .
٢- کەناڵی پەروەردەیی :- ئەو کەناڵانە دەگرێتەوە کەبەرنامەی پەروەردەیی و فێرکاری پەخش دەکەن ، ئامانجیان بڵاوکردنەوەی زانین و ڕۆشنبیریە ، هەروەها پێشکەشکردنی خزمەتە بە چینێکی فراوانی کۆمەڵەگا لە نێویاندا خوێندکارانی خوێندنگا و زانکۆ و پەیمانگاکانن (الطيطي ، وآخرون ، ٢٠٠٨ ، ص٨٥) .
٣- فێربوون :- مەبەست لە چەمکی فێربوون لەم توێژینەوەیەدا ڕەفتارێکی کەسیە کە تاک لەپێناو بەدەستهێنانی زانیاری و ئەزموون و زانین پێی هەڵدەستێت و دەتوانێت لە ڕێگەی پیادەکردنی کارێکەوە فێر ببێت ، لێرەوە کەسی فێربوو ئامانجی تێگەیشتنە لە واتای فێربوون ، کرداری فێربوون بەهۆی چەند ئامرازیکەوە ئەنجام دەدرێت وەکو( کتێب ، ئەنتەرنێت ، خوێندنگە و چەند ئامرازێکی تری فێرکردن ، پەیوەندیەکی بەهیز لە نێوان فیربوون و کرداری فێرکردندا هەیە (الشعباني ، ١٣٨٣ ، ص٢٢) .
دەیەم : گریمانەی توێژینەوەکە : ١- پەیوەندی ئاماژەی ئاماریی لە نێوان کاتی تەرخانکراو بۆ تەماشاکردنی کەناڵە پەروەردەییەکان لەلایەن خوێندکارانەوە و ڕۆڵیان لە چاندنی فێربووندا هەیە.
٢- جیاوازی ئاماژەی ئاماریی لە نێوان سامپڵی توێژینەوەکە لە تەماشاکردنی خوێندکاران بۆ کەناڵە پەروەردەییەکان بەپێی گۆڕاوە دیموگرافیەکانی ( ڕەگەز ، تەمەن ، قۆناغی خوێندن ، ، پسپۆڕی خوێندن ) هەیە .
یازدەیەم : توێژینەوەکانی پێشوو : ١- توێژینەوەی ( مسعود ، ٢٠١٠ ) بەناوونیشانی ( دوافع استخدامات طلبة المرحلة الثانوية لوسائل الاعلام التربوي والاشباعات المتحققة منها بمحافظتي المينا والاسكندرية ) ، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیەندنی پەروەردەییە لەلایەن خوێندکارانی قۆناغی ئامادەییەوە لەهەردوو پارێزگای مینا و ئەسکەندەریە لەوڵاتی میسر ، توێژەر لەتوێژینەوەکەیدا مەنهەجی وەسفی بەکارهێناوە وکۆمەڵێک فۆرمی ڕاپرسی بەسەر خوێندکاراندا دابەشکردووە ، گرنگترین ئەنجامەکانی فۆرمی ڕاپرسیەکەش بریتی بوو لە : پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لەنێوان ڕێژەی بەکارهێنەرانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لەلایەن خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی و ئەوپاڵنەرانی کە هۆکارن بۆ بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەو ئاستی بەشداریکردنیان لەگەڵ ئامرازەکاندا و گەشەپێدانی ئاستی فێربوونیان .
٢- توێژینەوەی (Rowand,2000 ) بە ناوونیشانی : )مدى استخدام معلمي المدارس الحكومية للبرامج التعليمية في القنوات التعليمية في المدارس ) .
ئامانجی زانینی ڕادەی بەکارهێنانی پرۆگرامەکانی فێرکاریە لە خوێندنگاکاندا لە لایەن مامۆستایانەوە ، هەروەها چۆنێتی ئاراستەکردنی خوێندکارەکانیانە بۆ سوود وەرگرتن لەو پرۆگرامانە ، سامپڵی توێژینەوەکەش پێکهاتووە لە کۆمەڵێک مامۆستای خوێندنگا حوکمیەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، هەروەها توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پشتی بە پرۆگرامی وەسفی شیکاری بەستووە ، لە کۆتایدا گەیشتووە بە کۆمەڵێک ئەنجام کە گرنگترینیان ئەمانەن :-
- ئەو مامۆستایانەی کە کەمترین ئەزموونیان هەیە ئەم پرۆگرامە بەکاردەهێنن .
- ٢٣٪ ی مامۆستایان ئامادەیان پیشانداوەکە پرۆگرامە فێرکاریەکان لە خوێندنگاکانیاندا پیادە بکەن .
- ئەو مامۆستایانەی کە زۆرترین مەشق دەکەن زیاترئامادەن ئەم پرۆگرامە جێ بەجێ بکەن .
أ- پێگەی ئەم توێژینەوەیە لەناو توێژینەوەکانی پێشوودا :-
لە ڕێگەی پیشاندانی توێژینەوەکانی پێشوودا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کەئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوودا لەچەند ڕوویەکەوە یەکدەگرێتەوە وەلەچەندڕوویەکی ترەوە لەگەڵیاندا جیاوازە ، ئەم توێژینەوەیەی ئێستا ئامانجەکەی دیاریکردووە کە بریتی یە لە(ڕۆڵی کەناڵە پەروەردەییەکان لەبەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون لای خوێندکارانی هەرێمی کوردستان) بەمەش ئەم توێژینەوەیە لەڕووی ئامانجی توێژینەوەکەوە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ هەریەک لەتوێژینەوەکانی ( مسعود ، ٢٠١٠ ) و (Rowand,2000) ، گرنگترین خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ئەم توێژینەوەیە و هەردوو توێژینەوەکەی پێشوو ئەمانەن : -
١- هەردوو توێژینەوەکان لەجۆری توێژینەوەی ( وەسفی ) ن ڕێبازی ( ڕووپێوی ) ( مسحي ) یان بەکار هێناوە و هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیەن کە هەمان میتۆد و ڕێبازی تێدا بەکارهاتووە .
٢- هەردوو توێژینەوەکە ئامانجیان زانینی ڕادەی تەماشاکردنی سامپڵی توێژینەوەیە بۆ کەناڵە پەروەردەیی و فێرکاریەکان ، کەئەم حاڵەتەش یەکێکە لە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە .
٣ - یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە زانینی ڕۆڵ و کاریگەری کەناڵە پەروەردەییەکانە ، بەهەمان شێوەش لە هەردوو توێژینەوەکانی پێشوودا ئاماژە بەهەمان ئامانج کراوە .
٤- ناوەڕۆکی بابەتەکانی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ هەردوو توێژینەوەکەدا خاڵی لەیەکچووی تێدایە ، لەبەر ئەوەی بابەتی باسکراو لەبەرنامەو کەناڵە پەروەردەییەکانەوە جێگەی گرنگی پێدانی وەگرانە و پێویستە ڕادەی گرنگی و سودبینینی وەرگران بخرێتە ڕوو لەبارەی بابەتی باسکراو .

**ب - جیاوازی نێوان ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو :** ئەم توێژینەوەیە زیاتر ڕۆڵی کەناڵە پەروەردەییەکان و بەدیاریکراویش کەناڵی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی دەردەخات لە بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوونی خوێندکارانی هەرێمی کوردستاندا ، هەروەها تەوەرو بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسیەکە لە توێژینەوەکانی پێش خۆی جیاوازن .

ت - سوود وەرگرتن لەتوێژینەوەکانی پێشوو : ئەم توێژینەوەیە توانیویەتی سوود لە توێژینەوەکانی پێشوو وەربگرێت لەڕووی میتۆدو ئامرازی توێژینەوەکان ، ئاشنابوون بەو هەوڵە زانستیانەی کەلەبواری پەیوەندی نێوان کەناڵە پەروەردەییەکان و خوێندکاراندا نراون ، هەروەها لەڕووی تیۆریشەوە سەرچاوەیەکی باش بوون بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەو بابەتانەی پەیوەستبوون بە پەیوەندی نێوان خوێندکاران و کەناڵە پەروەردەییەکان ، هەروەها سەرچاوەیەکی باش بوون بۆ ڕێکخستنی پلانی توێژینەوەکە و ئاشنابوونی توێژەر بەکۆمەڵێک سەرچاوەی زانستی بەتایبەتی لەبواری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی و فێربووندا .

## بەشی دووەم : ڕاگەیاندن و پەروەردە :

## یەکەم : پێناسە و چەمکی ڕاگەیاندن :

یەکێک لەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی کاری پەیوەندیکاران دەبێتەوە بریتی یە لە تێکەڵاوبوونی هەردوو زاراوەی ( پەیوەندی کردن و ڕاگەیاندن ) ، هەندێك جار سنووری زاراوەی ڕاگەیاندن ئەوەندە فراوان دەبێت ، کەچەمکی پەیوەندی کردنیش دەگرێتەوە ، هەندێك جاریش تەنیا تایبەت دەبێت بە ڕاگەیاندنەوە ، لەگەڵ ئەم تێکەڵاوبوون و جیاکرنەوەیەش هەریەکەیان خەسڵەتی خۆی هەیە پەیوەندیکردن لەسەر دوو ڕەهەند ، کاردەکات ، کە ئاوێتەی یەکترن ویەکتری تەواو دەکەن ، یەکێکیان ڕەهەندی وەزیفییەو خۆی لەپرۆسەی گواستنەوەی زانیاری و بیرو هەڵوێستەکاندا دەبینێتەوە ، ئەوەی تریشیان ڕەهەندی بەستنەوە یان ئاوێتەییە ، خۆی لەوەرگرتنەوەی کاردانەوەی ئەوانی تردا دەبینێتەوە ، کە ( بەبێ ئەم ڕەهەندە بازنەی پەیوەندیکردن تەواو نابێت ) ، بەڵام ڕاگەیاندن ئەم ڕەهەندی بەستنەوەیە لەخۆناگرێت زۆر بەدەگمەن نەبێت ، مەرج نی یە بۆ تەواوبوونی کارەکەی بەزۆری تەنها لەسەر ڕەهەندی گواستنەوە کار بکات (ئەسعەد ، ٢٠١٣ :ل ٤٥-٤٦) .

- ڕاگەیاندن پرۆسەیەکە بەهۆیەوە واتا و زانیاری و بیروبۆچوون لەکەسێکەوە دەگوازێتەوە بۆ کەسێکی تر واتا لە ( نێرەر)ەوە بۆ ( وەرگر) بەمەبەستی هێنانەدی ژمارەیەک ئامانجی ویستراو (کەرکوکی ، ٢٠٠٨ : ل٧ ) .

دووەم : واتا و چەمکی پەروەردە : پەروەردە "بە مانای چاندنی زانیاریی و شارەزایی مەعریفی دێت لە ڕێگەی چەند دامەزراوەیەکی دیاریکراوەوە کە بۆ ئەو مەبەستە دامەزراون وەکو خوێندنگاکان ". بەمەش دەبێتە زاراوەیەکی هاوشێوەی فێرکردن ، هەروەک زانراوە کە پرۆسەی فێرکردن بەشێکە لە لایەنی پەروەردەیی ، کە کورت دەبێتەوە لە گەشەپێدانی لایەنی عەقڵی و مەعریفی و شارەزایی ، ئەم مانایەی پەروەردەش لەلایەنی فێرخوازەوەیە کە کاری پێدەکات چی لە ڕێگەی ئەزموون و دۆزینەوەکانی خۆیەوە بێت یان لە سەر دەستی کەسانی ترەوە فێری بووبێت (مرسي ، ٢٠٠٩: ص٨ ) .

سێیەم : پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و پەروەردە : پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و پەروەردە پەیوەندییەکی بەهێزو کاریگەرو دینامیکیە لەنێوان سروشت و هێز و ئەرکی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و پەروەردەدا ، هەردووکیان بە گرنگترین دامەزراوەکانی پێگەیاندن دادەنرێن ، هەروەها بەیەکێک لە دامەزراوە پێگەیاندنی تاك ئەژمار دەکرێن بەدرێژایی تەمەنی ، پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و پەروەردە پەیوەندییەکی پێکەوەبەستراوی بەهێزە ، بوونی پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوانیاندا یارمەتی گەشەسەندنی ڕۆشنبیری دەدات و دواجار ئەنجامی باشی دەبێت لە فکرو پەروەردە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا (خضر، ٢٠١٨: ص١٧ ) .

پرۆسەی پەروەردەش لە هەندێك لایەنەوە بریتی یە لە پرۆسەی ڕاگەیاندن ، بۆیە لەڕووی تێگەیشتنی گشتیەوە ڕاگەیاندن و پەروەردە دژبەیەکتر نین ، ئەوەی جێگەی سەرنجە کە پەروەردە پرۆسەی ئاڕاستەکردنی کۆمەڵایەتییە کە لە سەر بنەمای فێرکردن وەک ئامرازێک بۆ گواستنەوەی کلتور و ئاساییکردنەوەی تاکەکان و گۆڕینی ڕەفتار و هەڵوێستەکان بەکاردێت ، هەروەها ڕاگەیاندنیش هەر لە بنەڕەتەوە پرۆسەیەکی ئاڕاستەکردنی تاکەکانە ئەمەش لە ڕێگەی دەوڵەمەندکردنیان بە ئەزموونی ڕاست و زانیاری دروست بەمەبەستی یارمەتیدانیان لەپێکهێنانی ڕای گشتی دروستدا دەربارەی ڕوداوێک لە ڕووداوەکان یان کێشەیەک لە کێشەکان (موسى ، ٢٠٠٢ : ص١٩٦- ١٩٩) .

چوارەم : مانا و چەمکی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی : چەندین توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی لەگۆشەنیگای جیاوازەوە دەرکەوتن کە باسی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی دەکەن ، هەموویان لەسەر ئەو ڕایە کۆک بوون کە ڕاگەیاندنی پەروەردەیی پێویستی بەلێکۆڵینەوەیەکی ورد و زانستی هەیە ، زاراوەی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی هەتاوەکو کۆتایی ساڵی حەفتاکان بەم شێوەیە مایەوە ، دواجار یونسکۆ هەستا بە پێشخستنی سیستمی زانیارییە پەروەردەییەکان و شێوازەکانی پەسەندکردنیان و جیاکردنەوەیان و سوودوەرگرتن لێیان ، لەوکاتەوە چەندین لێکۆڵینەوە و نووسین دەستپێیکرد کە باسیان لەوە دەکرد کە ئەم زاراوەیە چەندین پێناسە لەخۆدەگرێت (بصفر ، واخرون ، ٢٠١١،ص٧١- ٧٤ ).

لە پێناسەیەکی فراواندا بۆ ڕاگەیاندنی پەروەردەیی هاتووەکە : کە ڕاگەیاندنی پەروەردەیی چەند جۆرێکی جیاوازی دەرگای زانیاریەکانە کە بەبناغەیەک بۆخوێندکاران و مامۆستایان دادەنرێت ، کەگرنگترینیان کتێبخانە و تەلەفزیۆن و چەند ئامرازێکی تر دەگرێتەوە (عبید ، ٢٠١١، ص٣ - ٣٩) .

توێژەر پێی وایە کەڕاگەیاندنی پەروەردەیی بریتی یە لە کۆمەڵێک ئەزموون وکارامەیی و کۆششە لەبواری فێرکاریدا ، کەخوێندکارلەڕێگەی خوێندنگاو ئامادەکردن و وەرگرتنی پەیامە هەمەچەشنەکان و ڕۆژنامەگەریی و کەناڵی پەروەردەیی و ئەنجامدانی سیمینار بەدەستیان دەهێنێت .

**پێنجەم : ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی :** ئامرازەکانی (بیستراو و بینراو) دەگرێتەوە کە ئەوانیش مەبەست لێیان ئەم ئامرازانەیە :

١- ئامرازی بینراو و بیستراو : ئەم ئامرازانە دەگرێتەوە ؛

أ - تەلەفزیۆن :- ئامرازێکی گرنگە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی کە کۆکراوەی دەنگ و وێنە و وشەو ڕەنگ و جوڵەیە ، ئەمە وادەکات

تەلەفزیۆن لەتوانایدا بێت کۆنترۆڵی هەستەوەرەکانی بینین و بیستن و هەست و سۆز و هزر بکات ، بەتایبەتی لەو زانیاریانەی کە ناتوانرێت بەتەنها بۆ وەرگر بگواسرێتەوە ، بۆیە تەلەفزیۆن بەرادەیەکی زۆر لە گەیاندنی کەسی کاریگەرترە (جەلال ، ٢٠١٨ ، ل٢٠ ) .

**ب - ئینتەرنێت :-** لە ئێستادا بە گرنگترین ئامرازی ڕاگەیاندن دادەنرێت ، ئەویش بەهۆی بەجیهانیی بوونی وئاسانی لە بەکارهێنانیدا ، هەروەها بەهۆی زۆری زانیاریەکانی و هەمەجۆری سەرچاوەکانیەوە (الدليمي ، ٢٠١١ ، ص ١٧٥ ) .

**پ - کۆمپیوتەر:-** ڕۆڵی کۆمپیوتەر وەک ئامرازێکی فێرکاری لە جەختکردنەوەی ئاراستەکانی پەروەردەیی نوێ لە فێرکردنی خۆیی ولە زیاد بوونی بەرپرسیارێتی تاک لە فێربووندا دەردەکەوێت ، لە هەمانکاتدا دەرکەوتنی فێربوونی ئۆنلاین لەم سەردەمەدا بایەخی کۆمپیوتەر زیاتر دەکات (الدهشان ، ٢٠١٠ ، ص١٢- ١٤).

**٢- ئامرازی کاغەزیی :-**

**أ- کتێب :-** مەبەست لەو کتێبانەیە کە لەخوێندنگاکاندا وەک پرۆگرامی خوێندن بەکاردەهێنرێن ، هەروەها کتێبی تریش دەگرێتەوە ، ئەو کتێبانەی کە وەک پرۆگرامی خویندنن لە ڕووی سوود و توانای زۆرەوە بەیەکێک لە ئامرازە گرنگەکانی ڕاگەیاندن دادەنرێن ، دەتوانرێت لەناو ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەییدا جەخت لەسەر کاریگەرێتیان بکرێتەوە (الرفاعي ، ٢٠٠٨ ، ص٨٤ ) .

**ب - ڕۆژنامە :-** ڕۆژنامە بایەخێکی زۆری هەیە ، چونکە وەک پەنجەرەیەک وایە کە تاک لەڕێگەیەوە بەجیهان ئاشنا دەبێت ، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بە گشتی دەچنە خانەی خولاوەکانەوە کە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا بە ئەڵقەیەکی پەیوەندی گرنگ دادەنرێن ، وە بەوە جیادەکرێتەوە کە بەئاسانی بەردەست دەبن ( الدليمي ، ٢٠١١، ص١٧٣ ) .

## شەشەم : کەناڵە پەروەردەییەکان و فێرکردن :

لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا چەندین بەکارهێنەری جیاوازبۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بوونیان هەیە ، زۆرترینیان خۆیان لە بەکارهێنانی کەناڵە پەروەردەیی و فێرکاریەکاندا دەبیننەوە ، گومانی تێدا نیە کە بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە بواری فێرکاریدا دووجۆرن ئەوانیش ئامرازی فێرکردنی کراوە و ئامرازی فێرکردن لە دوورەوە ، سەبارەت بە ئامرازی فێرکردن لە دوورەوە لایەنێکی گرنگە لە بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو کە تاکەکان دەتوانن لە هەر کاتێکدا کە مەبەستیان بێت لە ماڵەکانی خۆیاندا بەکاری بهێنن(الشعباني ، ٢٠١٢ ،ص ٢٢٤). دوو سەرجاوەی سەرکی هەن بۆ کەناڵە پەروەردەییەکان ئەوانیش :

١- تەلەفزیۆنی پەروەردەیی (EducationalTv)( ETV) : مەبەست لە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی کۆمەڵیك بابەت و پرۆگرامی دەنگی و وێنەیی لەگەڵ کۆمەڵێک پاشکۆ وەکو چاپەمەنیەکان و چەند بابەتێکی فێرکاری کە بەهۆی ئێزگەی تەلەفزیۆنەوە بەرهەم دەهێنرێن و پەخش دەکرێن ، هەروەها هەڵدەستێت بەگواستنەوەی چەندین زانیاری بینراو و بیستراوی ڕوون لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکاندا بۆکۆمەڵگا (جريسات ،٢٠١١ : ص٣٦) .

٢- تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان : تۆڕە کۆمەڵەیەتییەکانیش بە یەکێک لە دامەزراوە ئەلکترۆنیە پەروەردەییە گرنگەکان دادەنرێت ، کە لەبەرەوپێشبردنی چەند لایەنێکی گرنگ لە کەسایەتی خوێندکار لە ڕووی ئەکادیمی یان لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە ڕۆڵی بەرچاویان هەیە ، توێژینەوەکانی پێشوو لەسەر ڕۆڵی پەروەردەیی و فێرکاری تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان هەمەچەشنە بوون ، هەروەک لە توێژینەوەی (کالبیدوKalpidoوکوستنCostin و مۆرسMorris ) باس لەوەکراوە کە( فەیسبووک facebook) تۆڕێکی کۆمەڵایەتیە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بەهێز دەکات ورۆڵی لە بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوونی خویندکاراندا هەبووە ، لە نێوو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی تریشدا ( یوتیوب youtube ) دادەنرێت بە بەهێزترین بەکارهێنەر لە بواری ئینتەرنێتدا هەرچەندە زۆرینەی خەڵک لە پێناو بەسەربردنی کاتێکی خۆش بەکاریدەهێنن ، بەڵام لەهەمان کاتدا ( یوتیوب ) لە بواری فێرکاریدا بە ئامرازێکی کاریگەر دادەنرێت ، ڕۆژنامەی ( نیویۆرک تایمز ) لە زمانی نووسەرەکەیەوە ( جون گرین JohnGreen) وە بلاوی کردووەتەوە کە تۆڕی کۆمەلایەتی (یوتیوب ) دادەنریت بە زانایەک کە هەموو کەسێک لە ڕێگەی ئەو پارچە ڤیدیۆیانەی ناو یوتیوبەوە دەتوانێت بەخێرای زانیاری چاکی لێ دەستبکەوێت ، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانرێت (یوتیوب) وەک ئامرازێکی سەرەکی و جێگرەوەیەکی فێرکردن تەماشا بکرێت ، هەروەها سودمەندە بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێک وانەو بابەتی زانستی ( أوباري . ٢٠١٥ . كيفية استخدام اليوتوب في التعليم بطريقة آمنة و فعالة.) https://www.new-educ.com/٪D٨ A٪AF٪D٨٪AE٪D٨٪AA٪D٨٪D٨٪B٣٪D٨٪A٧٪
A٪٨A-٪D٨٪D٩٪٨١٪D٩٪-A٨٪D٨٪٨٨٪٨A٪D٩٪AA٪D٩٪D٨٪٨٨٪٨A٪D٩٪D٩٪٨٤٪D٩٪A٧٪D٨٪-٨٥٪D٩٪٧
٨٥٪٨A٪D٩٪D٩٪٨٤٪D٩٪B٩٪AA٪D٨٪D٨٪٨٤٪D٩٪٧

حەوتەم : بایەخی کەناڵە پەروەردەییەکان لە بواری فێرکردندا :

١- بایەخی کەناڵە پەروەردەییەکان بۆ مامۆستا :

أ - یارمەتی مامۆستا دەدەن و دەبنە هۆی باشترکردنی چۆنێتی وانە ووتنەوە .

ب - یارمەتی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی مامۆستا دەدەن .

پ - گۆڕینی ڕۆڵی مامۆستا لە کەسێکەوە کە تەنها ئەرکی گواستنەوەی زانیاری بێت بۆ کەسێک کە ڕۆڵی پیلان دانان بێت بۆ فێرکردن .

ت - یارمەتی مامۆستا دەدەن کە بەشێوەیەکی باش وانەکان بۆ خوێندکاران ڕوون بکاتەوە و بگاتە دەستی خوێندکاران و باشتر بەدواداچوون بۆ زانیارییەکان بکەن.

ج – دەستەبەرکردنی هەمووکاتەکان بۆ فێرکردن بەشێوەیەکی باش .

چ - کۆشش و کات بۆ مامۆستا دەستەبەردەکەن ، بەجۆرێک بتوانێت زیاتر لە جارێک ئامرازێکی فێرکردن بەکاربهێنێت (قیدوم ، ٢٠١٦، ص١١٤ ) .

٢- بایەخی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆ خوێندکاران :- ئامرازەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن گیانی ئارەزووکردنی خوێندکاران بۆ زانست زیاتر دەکەن ، چونکە خوێندکاران هەمیشە ئارەزووی بەکارهێنانی ئامرازی نوێ دەکەن لە بواری فێرکاریدا ، کە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بە گەنجینەیەکی باش دادەنرێن (قیدوم ،٢٠١٦ ، ص ١١٤ ) .

٣- بایەخی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ وانەکانی فێرکاری :- کەناڵەکانی ڕاگەیاندن یارمەتی گەیاندنی زانیاریەکان و تواناکان دەدات کە پەیوەستن بە وانە فێرکاریەکانەوە ، هەروەها یارمەتی خوێندکاران دەدات کە هەست بەو زانیاریانە بکەن هەستپێکردنێکی نزیک ، تەنانەت ئەگەر ئاستەکانیش جیاواز بن ، هەروەها یارمەتی زانیاریەکان دەدات کە بە زیندوویی لەناو مێشکی خوێندکاردا بمێننەوە و کار لەسەر ڕوونکردنەوەی زانیاریەکان دەکات ، چەندین تاقیکردنەوەی جیاواز ئەنجامدراون کە تێیدا ئامرازی ڕاگەیاندن بەکارهێنراون وەک تەلەفزیۆن لە بواری پاڵپشتیکردنی پرۆسەی فێرکاری خوێندنگادا و لەهەندێک لە وڵاتاندا سوودی لەبەرەو پێشبردن و ڕێکخستنی فێرکاریدا هەبووە ، یەکێک لەو وڵاتانەی کە ئەو تاقیکردنەوەیەی تێدا ئەنجامدرا وڵاتی ( یابان ) بووکە لەساڵی شەستەکاندا ڕادیۆی بەکارهێنا لە بواری فێرکردنی زمانی ئنگلیزیدا ( التلواتي ) . ٢٠١٤ . لماذا يجب استخدام التكنلوجيا في الفصول الدراسية ؟ وكيف يمكن ذلك ؟.) https://www.new-educ.com/comment-utiliser-la-technologie-dans-la-salle-de-classe

بەشی سێیەم : پراکتیکنامەی توێژینەوەکە

بەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی ، وەک پێوانەیەک بۆ لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە ، فۆرمەکان دابەشکراوە بەسەر خوێندکاراندا ،خوێندکارەکانیش ئەو خوێندکارانەن کە لە قۆناغی ( ١٠ - ١١ -١٢)ی ئامادەیی ، ئەم بەشەش لە دوو تەوەری سەرەکی پێکدێت کە ئەمانەن : -

تەوەری یەکەم : پەیوەندی نێوان بەرتوێژ و کەناڵە پەروەردەیەکان :

لەم تەوەرەیەدا بە داتا و ڕێژەی سەدەی ڕوونکردنەوە دەدرێت لەو پەیوەندیەی کە لە نێوان بەرتوێژ و کەناڵە پەروەردەیەکاندا هەیە ، بەو پرسیارانەی کە لە خوێندکار کراوە و ژمارەی پرسیارەکان لەم تەوەرەیەدا (١١) پرسیارە ، هەر یەک لەو خشتانەی خوارەوەش ڕوونکردنەوە دەدات دەربارەی پرسیارەکانی تەوەری یەکەم .

**خشتەی (٣) ئایا تەماشای کەناڵە پەروەردەیەکان دەکەیت ؟**

| تەماشاکردنی کەناڵی پەروەردەیی | دووبارە بوونەوەکان | % | ناوەندە ژمارەیی | لادانی پێوانەی | گرنگی ڕێژەیی |
|---|---|---|---|---|---|
| بەڵێ | 186 | 42.08 | 2.33 | 0.499 | 77.67 |
| تارادەیەک | 217 | 49.10 | | | |
| نەخێر | 39 | 8.82 | | | |
| **کۆی گشتی** | 442 | 100 | | | |

لەخشتەی ژمارە ( ٣ ) دەردەکەوێت کە خوێندکاران بەڕێژەی ( ٤٢,٠٨٪ ) تەماشای کەناڵە پەروەردەییەکان دەکەن، بەڕێژەی (٤٩,١٠٪) (تارادەیەک) بە ڕێژەی (٨,٨٢ ٪) تەماشای کەناڵە پەروەردەییەکان ناکەن ، لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ڕێژەی تەماشاکەرانی کەناڵە پەروەردەییەکان بەرزترە لەو خوێندکارانەی کە تەماشای کەناڵە پەروەردەییەکان ناکەن ، ناوەندە ژمارەیی بریتی یە لە( ٢.٣٣)، هەروەها لادانی پێوانەی دەکاتە (٠.٤٩٩) وە گرنگی ڕێژەیی(٦٧.٧٧).

خشتەی (٤) ئەو هۆکارانە چین کە وایکردووە تەماشای کەناڵە پەروەردەییەکان نەکەیت ؟

| تەماشا نەکردنی کەناڵی پەروەردەیی | دووبارە بوونەوەکان | % |
|---|---|---|
| لاوازی ناوەڕۆکی بەرنامەی کەناڵە پەروەردەییەکان | 33 | 23.74 |
| دووبارەیی و لەیەکچوونی بەرنامەی کەناڵە پەروەردەییەکان | 18 | 12.95 |
| نەبوونی یان خراپی پەخشی کەناڵە پەروەردەییەکان | 24 | 17.27 |
| سەرقاڵیم بە کۆشش کردن و نەبوونی کات بۆ تەماشاکردنی تەلەفزیۆن | 43 | 30.94 |
| نەبوونی باکگراوندی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی پێشکەشکار | 21 | 15.11 |
| **کۆی گشتی** | 139 | 100 |

لەخشتەی ژمارە (٤) دا دەردەکەوێت کەبە هۆی چەند هۆکارێک خوێندکار ناتوانێت تەماشای کەناڵە پەروەردەیەکان بکات ئەوانیش بەڕێژەی (٢٣,٧٤٪) بەهۆی (لاوازی ناوەڕۆکی بەرنامەی کەناڵە پەروەردەییەکان )، (٩٥.١٢٪) بەهۆی (دووبارەیی و لەیەکچوونی بەرنامەی کەناڵە پەروەردەییەکان) ، (٢٧.١٧٪) بەهۆی (نەبوونی یان خراپی پەخشی کەناڵە پەروەردەییەکان) ، (٣٠,٩٤٪) بەهۆی (سەرقاڵی بە کۆشش کردن و نەبوونی کات بۆ تەماشاکردنی تەلەفیزیۆن) ، ( ١١. ١٥٪) بەهۆی (نەبوونی باگگراوندی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی پێشکەشکار) ، ئەم ڕێژانەش ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە زۆربەی خوێندکاران بەهۆی دووبارەیی و لەیەکچوونی بەرنامەی کەناڵە پەروەردەییەکان تەماشای کەناڵە پەروەردەییەکان ناکەن دوابەدوای ئەویش هۆکارەکانی ترن .

خشتەی (٥) لە کەیەوە بایەخ بە کەناڵە پەروەردەیەکان دەدەیت ؟


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

| بایەخدان بە کەناڵی پەروەردەیی | دووبارە بوونەوەکان | % |
|---|---|---|
| کەمتر لە ساڵێک | 214 | 53.1 |
| لە ساڵێک بۆ دوو ساڵ | 90 | 23.3 |
| لە سێ ساڵ زیاتر | 99 | 24.6 |
| کۆی گشتی | 403 | 100 |

لەخشتەی ژمارە ( ٥ ) دەردەکەوێت بەرێژەی (٥٣,١٪) بۆ ماوەی (کەمتر لە ساڵێک) و بەرێژەی (٢٣,٣٪) بۆ ماوەی (ساڵێک بۆ دوو ساڵ) و بە رێژەی (٢٤.٦٪) لە سێ ساڵ زیاتربایەخ بە کەناڵە پەروەردەییەکان دەدەن .

خشتەی (٦) چ کاتێک بەگونجاو دەزانیت بۆ تەماشاکردنی کەناڵە پەروەردەییەکان؟

| کاتی گونجاو | دووبارە بوونەوەکان | % |
|---|---|---|
| بەیانیان | 73 | 18.1 |
| نیوەڕوان | 36 | 8.9 |
| ئێواران | 70 | 17.4 |
| شەوان | 224 | 55.6 |
| کۆی گشتی | 403 | 100 |

لەخشتەی ژمارە (٦) دەردەکەوێت کە خوێندکاران بەرێژەی (٥٥,٦٪) شەوان ، بەرێژەی (٨,٩٪) نیوەڕوان ، بەرێژەی (١٨,١٪) بەیانیان ، بەرێژەی (١٧,٤٪) ئێواران تەماشای کەناڵە پەروەردەییەکان دەکەن .

خشتەی (٧) ماوەی تەماشاکردنی ڕۆژانەت بۆ بەرنامەی پەروەردەییەکان چەندە ؟

| تەماشاکردنی ڕۆژانە | دووبارە بوونەوەکان | % |
|---|---|---|
| کەمترە لە یەک کاتژمێر | 225 | 55.83 |
| لە یەک کاتژمێر بۆ دوو کاتژمێر | 150 | 37.22 |
| لە دوو کاتژمێر زیاتر | 28 | 6.95 |
| کۆی گشتی | 403 | 100 |

لەخشتەی ژمارە ( ٧ ) دەردەکەوێت کە کەمتر لە یەک کاتژمێر بەرزترین ئاستی تەماشاکردنی کەناڵە پەروەردەییەکانە کە دەکاتە (٥٥,٨٣٪) ، هەروەها بەرێژەی (٦,٩٥٪) لە دوو کاتژمێر زیاترو بە ڕێژەی (٣٧,٢٢٪) لە یەک کاتژمێر بۆ دوو کاتژمێر تەماشای بەرنامە پەروەردەییەکان دەکەن .

خشتەی (٨) لەگەڵ کێ تەماشای کەناڵە پەروەردەییەکان دەکەیت ؟

| تەماشا کرنی کەناڵە پەروەردەییەکان | دووبارە بوونەوەکان | % |
|---|---|---|
| بەتەنیا | 256 | 63.5 |
| لەگەڵ خێزانەکەم | 130 | 32.3 |
| لەگەڵ هاوڕێکانم | 17 | 4.2 |
| **کۆی گشتی** | 403 | 100 |

لەخشتەی ژمارە ( ٨ ) دەردەکەوێت کە خوێندکاران بەرێژەی (٦٣,٥٪) بە تەنیا ، بەرێژەی (٣٢,٣٪) لەگەڵ خێزانەکانیان ، بە رێژەی(٤,٢٪) لەگەڵ هاوڕێکانیان تەماشای کەناڵە پەروەردەییەکان دەکەن .

خشتەی (٩) لەبارەی بینینی بەرنامەی پەروەردەییەکانەوە لەگەڵ هاوڕێکانت گفتووگۆ دەکەیت ؟

| گفتووگۆ کردن | دووبارە بوونەوەکان | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 32 | 7.9 |
| هەندێک جار | 175 | 43.4 |
| نەخێر | 196 | 48.6 |
| کۆی گشتی | 403 | 100 |

لەخشتەی ژمارە (٩) دا دەردەکەوێت کە خوێندکاران لەبارەی بینینی بەرنامەی پەروەردەییەکانەوە بەرێژەی (٧,٩٪) لەگەڵ هاوڕێکانیان گفتووگۆ دەکەن و بەرێژەی (٤٨,٦٪) گفتووگۆ ناکەن، بە رێژەی (٤٣,٤٪) هەندێک جار گفتووگۆ دەکەن .

خشتەی ( ١٠ ) زیاتر لە رێگەی کام یەکێک لەم ئامێرانەوە تەماشای بەرنامە پەروەردەییەکان دەکەیت ؟

| بەکارهێنانی ئامێر | دووبارە بوونەوەکان | % |
|---|---|---|
| کۆمپیوتەر | 17 | 4.2 |
| مۆبایل | 172 | 42.7 |
| تەلەفزیۆن | 198 | 49.1 |
| ئایپاد و تابلێت | 16 | 4.0 |
| کۆی گشتی | 403 | 100 |


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لەخشتەی ژمارە (١٠) دەردەکەوێت کە خوێندکاران بەڕێژەی (٤,٢٪ ) لەڕێگەی کۆمپیوتەر و بەڕێژەی ( ٤٢.٧ ٪ ) بە مۆبایل و بەڕێژەی (٤٩,١٪) بە تەلەفزیۆن و بەڕێژەی (٠.٤ ٪ )بە ئایپاد و تابلێت تەماشای کەناڵە پەروەردەییەکان دەکەن .

خشتەی ( ١١ ) لە کاتی تەماشاکردنی کەناڵە پەروەردەییەکاندا زیاتر بایەخت بە کام لەم بەرنامانە داوە ؟

| بایەخی بەرنامە | دووبارە بوونەوەکان | % |
|---|---|---|
| فێرکاری وانە | 261 | 39.43 |
| گفتوگۆی پەروەردەیی | 68 | 10.27 |
| دیداری پەروەردەیی | 41 | 6.19 |
| ڕێنمایی پەروەردەیی | 101 | 15.26 |
| فێربوونی زمان | 138 | 20.85 |
| ڕاوێژکاری خێزانی | 53 | 8.01 |
| **کۆی گشتی** | 662 | 100 |

لەخشتەی ژمارە (١١) دەردەکەوێت کە خوێندکاران بەڕێژەی (٣٩,٤٣٪) لە کاتی تەماشاکردنی کەناڵە پەروەردەییەکاندا بایەخ بە بەرنامەکانی فێرکاریی وانەکان و بە ڕێژەی(١٠,٢٧٪) بایەخ بەرنامەی گفتووگۆی پەروەردەیی و بە ڕێژەی (٦,١٩ ٪) بایەخ بەرنامەی دیداری پەروەردەیی و بەڕێژەی (١٥,٢٦٪) بایەخ بە بەرنامەی ڕێنمای پەروەردەیی و بە ڕێژەی ( ٢٠,٨٥٪) بایەخ بەفێربوونی زمان و بەرێژەی ( ٨,٠١٪) بایەخ بە بەرنامەی ڕاوێژکاری خێزانی دەدەن .

خشتەی (١٢) سوودت لە زانیارییەکانی کەناڵە پەروەردەییەکان وەرگرتووە ؟

| سوود وەرگرتن | دووبارە بوونەوەکان | % |
|---|---|---|
| زۆر | 103 | 25.6 |
| تارادەیەک | 271 | 67.2 |
| هەرگیز | 29 | 7.2 |
| **کۆی گشتی** | 403 | 100 |

لەخشتەی ژمارە ( ١٢ ) ڕوونکراوەتەوە کە خوێندکاران بەڕێژەی (٢٥,٦٪) سوودیان لە زانیارییەکانی کەناڵە پەروەردەییەکان وەرگرتووە و بە ڕێژەی ( ٢.٦٧٪) تارادەیەک سوودمەند بوون و بە ڕێژەی ( ٧.٢٪ ) هەرگیز سوودمەند نەبوون .

خشتەی ( ١٣ ) ئەو هۆکارانە چین بوونەتە هۆی سوود وەرنەگرتنت لە کەناڵە پەروەردەییەکان ؟

| سوود وەرنەگرتن | دووبارە بوونەوەکان | % |
|---|---|---|
| گرانی تێگەشتنی بابەتەکان | 18 | 30.51 |
| ناڕوونی لە ووتنەوەی وانەکان لە لایەن مامۆستای وانەکانەوە | 5 | 8.47 |
| لاوازی لە خستنەڕووی بەڵگە و سەلماندنی زانستیدا | 13 | 22.03 |
| پێشکەشکردنی زانیاری کۆن و ڕووکەشانە | 11 | 18.64 |
| کاتی پێشکەشکردنی بەرنامەکان بۆ من گونجاو نەبووە | 12 | 20.34 |
| کۆی گشتی | 59 | 100 |
| کۆی گشتی | 403 | 100 |

لەخشتەی ژمارە ( ١٣ ) دەردەکەوێت کە خوێندکاران بەرێژەی (٣٠,٥١٪) بەهۆی (گرانی تێگەشتنی بابەتەکان)، بەرێژەی ( ٨.٤٧٪) بەهۆی ( ناڕوونی لە وتنەوەی وانەکان) ، بەرێژەی ( ٢٢.٠٣٪) بە هۆی ( لاوازی لەخستنەڕووی بەڵگەو سەلماندنی زانستی)، بەرێژەی ( ١٨.٦٤٪) بەهۆی ( پێشکەشکردنی زانیاری کۆن و رووکەشانە)، بەرێژەی (٢٠.٣٤٪) بەهۆی (نەگونجانی کاتی پیشکەشکردنی بەرنامەکان سوودیان لە کەناڵە پەروەردەییەکان وەرنەگرتووە .

## تەوەری دووەم : پرسە تایبەتەکان بە بابەتی توێژینەوەکە :

بڕگەکانی پێوانە ( مقیاس) پێکدێت لە شیکارکردنی فۆرمی ڕاپرسی بەرتوێژان کە ئەمانەن :-

بەشی یەکەم : پەیوەندی نێوان خوێندکار و کەناڵە پەروەردەییەکان :-

بۆچوونی بەرتوێژوان لەبەرامبەر ( پەیوەندی نێوان خوێندکار و کەناڵە پەروەردەییەکان ) خراوەتە ڕوو ، کە لە چوارچێوەی ( ١٥) بڕگەدایە ، توێژەر داتاکانی خستووەتەڕوو هەروەها ڕێژەی سەدی و ناوەندە ژمێری و ڕیزبەندی لەبڕگەکانی شیکارکردووە ، لەم بەشەدا توێژەر کاری بە یاسای لیکارت کردووە بۆ سێ بژاردەی پێوانەیی ( وایە ، هەندیکجار ، وانییە ) .

هەرەیەکە لە ( دووبارە بوونەوە ، ناوەندە ژمارەیی ، لادانی پێوانەی و گرنگی ڕێژەی ) ڕوونی دەکاتەوە پەیوەندی نێوان ( خوێندکار و کەناڵە پەروەردەییەکان) پیشانی دەدات بەشێوەیەکی گشتی ناوەندە ژمارەیی دەکاتە (٢,١٢) ، لادانی پێوانەیی دەکاتە (٠,٧٥) هەروەها گرنگی ڕێژەیی دەکاتە ( ٧٦.٧٠ ) .

سەبارەت بە بڕگەکانیش بەپێی ئەنجامەکانی ئەم خشتەیە ، بڕگەی (کەناڵە پەروەردەییەکان هۆکارێکن بۆ زیاتر ئاشنا بوونم یاخود ناساندنی مامۆستایانی قۆناغەکانی خوێندنی (١٠ و ١١ و ١٢) کە قۆناغێکی گرنگی خوێندنن) کە لە پلەی یەکەمدا دێت ، ناوەندە ژمارەیی بریتیە لە( ٢.٤١) ،لادانی پێوانەی بریتیە لە ( ٠.٧٥)،هەروەها گرنگی ڕێژەیی( ٨٠.٤٨٪) . بڕگەی (کەناڵە پەروەردەییەکان بەدەر لە وانەکانی خوێندن گرنگی بە بواری ( هونەر و وەرزش ) یش دەدەن)، کە ناوەندە ژمارەیی بریتی یە ( ١.٧٠) ئەو ئەنجامەش لە ئاستی ناوەند دایە ، لادانی پێوانەی بریتیە ( ٠.٨٠)وە گرنگی ڕێژەیی بریتیە لە (٥٦.٨٢٪) ، بڕوانە خشتەی ژمارە ( ١٤) .

### خشتەی ( ١٤) پەیوەندی نێوان خوێندکار و کەناڵە پەروەردەییەکان روون دەکاتەوە

| پەیوەندی نێوان خوێندکار و کەناڵە پەروەردەییەکان | وا نیە | هەندێک جار | وایە | ناوەندە ژمارەیی | لادانی پێوانەی | گرنگی ڕێژەیی % | ئاست | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | Fr. | Fr. | Fr. | | | | | |
| | % | % | % | | | | | |
| کەناڵە پەروەردەییەکان هۆکارێکن بۆ زیاتر ئاشنا بوونم یاخود ناساندنی مامۆستایانی قۆناغەکانی خوێندنی (١٠ و ١١ و ١٢ ) کە قۆناغێکی گرنگی خوێندنن | 63 | 110 | 230 | 2.41 | 0.75 | 80.48 | بەرز | 1 |
| | 15.63 | 27.30 | 57.07 | | | | | |
| کەناڵە پەروەردەییەکان ناوڕۆکی وانەکان ڕوون دەکەنەوە | 48 | 170 | 185 | 2.34 | 0.68 | 78.00 | بەرز | 2 |
| | 11.91 | 42.18 | 45.91 | | | | | |
| پەخشی وانەکان لە کەناڵە پەروەدەییەکاندا وا لەخوێندکاردەکات بتوانێ چەندجارێ سەیری وانەکان بکاتەوە | 75 | 132 | 196 | 2.30 | 0.76 | 76.67 | ناوەند | 3 |
| | 18.61 | 32.75 | 48.64 | | | | | |
| کەناڵە پەروەردەییەکان هاندەرن بۆ پابەندبوونم بە بنەما فێرکارییەکانەوە | 68 | 152 | 183 | 2.29 | 0.74 | 76.18 | ناوەند | 4 |
| | 16.87 | 37.72 | 45.41 | | | | | |
| کەناڵە پەروەردەییەکان یارمەتیدەرێکی بەهێزبوون بۆ فراوانکردنی ئاستی هۆشیاری خوێندکاران دەربارەی وانە زانستیەکان | 66 | 189 | 148 | 2.20 | 0.70 | 73.45 | ناوەند | 5 |
| | 16.38 | 46.90 | 36.72 | | | | | |
| کەناڵە پەروەردەییەکان هاوبەشن لە فراوان بوونی ئاسۆی فێربوونم. | 47 | 228 | 128 | 2.20 | 0.63 | 73.37 | ناوەند | 6 |
| | 11.66 | 56.58 | 31.76 | | | | | |
| کەناڵە پەروەردەییەکان بایەخی زیاتریان بۆ بابەتە زانستییەکانە | 82 | 163 | 158 | 2.19 | 0.75 | 72.95 | ناوەند | 7 |
| | 20.35 | 40.45 | 39.21 | | | | | |
| کەناڵە پەروەردەییەکان هۆکارێکن بۆ گۆڕینی ڕەفتاری خوێندکاران سەبارەت بە بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون و هەوڵدان بۆ بەدەستهینانی نمرەی بەرزتر | 72 | 186 | 145 | 2.18 | 0.71 | 72.70 | ناوەند | 8 |
| | 17.87 | 46.15 | 35.98 | | | | | |
| کەناڵە پەروەردەییەکان هۆکار بوون بۆ ئاشنابوونم بە شێوازی نوێی فێربوونم | 88 | 157 | 158 | 2.17 | 0.76 | 72.46 | ناوەند | 9 |
| | 21.84 | 38.96 | 39.21 | | | | | |
| کەناڵە پەروەردەییەکان هاوکارن لە زەمینەی ڕۆشنبیری پەروەردەیی و فێرکاریم | 85 | 182 | 136 | 2.13 | 0.73 | 70.89 | ناوەند | 10 |
| | 21.09 | 45.16 | 33.75 | | | | | |
| کەناڵە پەروەردەییەکان ڕۆڵیان لەکەمکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێی خوێندکاراندا هەیە . | 116 | 169 | 118 | 2.00 | 0.76 | 66.83 | ناوەند | 11 |
| | 28.78 | 41.94 | 29.28 | | | | | |
| کەناڵە پەروەردەییەکان تەنها لە کاتی کردەی خوێندن و تاقیکردنەوەکاندا بابەتی وانەکان پەخش دەکەن . | 151 | 121 | 131 | 1.95 | 0.84 | 65.01 | ناوەند | 12 |
| | 37.47 | 30.02 | 32.51 | | | | | |
| کەناڵە پەروەردەییەکان گوزارشت نین لە پێداویستی خوێندکار سەبارەت بە هۆشیارکردنەوەیان | 137 | 178 | 88 | 1.88 | 0.74 | 62.61 | ناوەند | 13 |
| | 34.00 | 44.17 | 21.84 | | | | | |
| کەناڵە پەروەردەییەکان گرنگی بەسەرجەم قۆناغەکان نادەن بەتایبەتی قۆناغی ١٠ و ١١ | 186 | 94 | 123 | 1.84 | 0.86 | 61.46 | ناوەند | 14 |
| | 46.15 | 23.33 | 30.52 | | | | | |
| کەناڵە پەروەردەییەکان بەدەر لە وانەکانی خوێندن گرنگی بە بواری ( هونەر و وەرزش ) یش دەدەن | 205 | 112 | 86 | 1.70 | 0.80 | 56.82 | ناوەند | 15 |
| | 50.87 | 27.79 | 21.34 | | | | | |
| **کۆی گشتی** | 1489 | 2343 | 2213 | **2.12** | **0.75** | **70.76** | | |
| | 24.63 | 38.76 | 36.61 | | | | | |


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## بەشی دووەم : پەیوەندی مامۆستای وانەبێژ و بەرنامە پەروەردەییەکان بە خوێندکارانەوە .

بۆچوونی بەرتوێژوان لەبەرامبەر ( پەیوەندی نێوان مامۆستای وانەبێژ و بەرنامە پەروەردەییەکان بەخوێندکارانەوە)خراوەتە روو ، لەچوارچێوەی ( ١٠ ) بڕگەدایە ، هەریەکە لە ( دووبارە بوونەوە ، ناوەندە ژمێرەیی ،لادانی پێوانەی و گرنگی ڕێژەی )ڕوونکراوەتەوە کە ناوەندە ژمێرەی دەکاتە (٢,٣٠) ، لادانی پێوانەی دەکاتە (٠,٧٤) و گرنگی ڕێژەی دەکاتە (٧٦,٧٤) . سەبارەت بە بڕگەکانیش بەپێی ئەنجامەکانی ئەم خشتەیە ، برگەی( لە کاتی ووتنەوەی وانەکەیدا خۆش نووسی لە مامۆستای وانەبێژدا لە کەناڵە پەروەردەییەکان گرنگە ، تاوەکو خوێندکار تێگەیشتنی هەبێت بۆ بابەتەک)ە ناوەندە ژمێرەییەکەی بریتیە لە(٢.٦٣)، ئەم ڕێژەیەش لە ئاستێکی بەرز دایە ، لادانی پێوانەی بریتیە (٠.٦٧)،گرنگی ڕێژەیی دەکاتە(٨٧.٥٩٪). برگەی (مامۆستای وانەبێژ لە ووتنەوەی وانەکانی لە کەناڵە پەروەردەییەکاندا هۆکارەکانی فێربوون (وسائل تعليم ) بەکارناهێنێ)، کە ناوەندە ژمارەیی بریتیە لە (١.٩٠)، کە ئەو ئەنجامە لە ئاستی ناوەند دایە ، لادانی پێوانەی (٠.٧٥)وە گرنگی ڕێژەیەکەی بریتیە لە ( ٦٣.١٩٪). بڕوانە خشتەی ژمارە ( ١٥ ) .

خشتەی(١٥) پەیوەندی مامۆستای وانەبێژ و بەرنامە پەروەردەییەکان بە خوێندکارانەوە روون دەکاتەوە

| پەیوەندی مامۆستای وانەبێژ و بەرنامە پەروەردەییەکان بە خوێندکارانەوە | | وا نیە | هەندێک جار | وایە | ناوەندە ژمارەیی | لادانی پێوانەی | گرنگی رێژەی % | ئاست | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | Fr. | Fr. | Fr. | | | | | |
| | | % | % | % | | | | | |
| لە کاتی ووتنەوەی وانە ( خۆش نووسی ) لە مامۆستای وانەبێژدا لە کەناڵە پەروەردەییەکان گرنگە، تاوەکو خوێندکار تێگەیشتنی هەبێت بۆ بابەتەکە | Fr. | 42 | 66 | 295 | 2.63 | 0.67 | 87.59 | بەرز | ١ |
| | % | 10.42 | 16.38 | 73.20 | | | | | |
| مامۆستای وانەبێژ لەکاتی ووتنەوەی وانە پێویستی بە داتاشۆ و وایت بۆرد و پێداویستی تر هەیە بۆ ڕوونکردنەوەی وانەکەی بۆ ئەوەی خوێندکار باشتر تێبگات | Fr. | 39 | 83 | 281 | 2.60 | 0.66 | 86.68 | بەرز | ٢ |
| | % | 9.68 | 20.60 | 69.73 | | | | | |
| لە کەناڵە پەروەردەییەکاندا و لە کاتی ووتنەوەی وانەکاندا خویندکار لەلایەن مامۆستای وانەبێژەوە بەشداری پێناکریت | Fr. | 56 | 123 | 224 | 2.42 | 0.72 | 80.56 | بەرز | ٣ |
| | % | 13.90 | 30.52 | 55.58 | | | | | |
| مامۆستایانی وانەبێژ لە کەناڵە پەروەردەییەکان بۆ ووتنەوەی وانەکان پڕ زانیاری و بە ئەزموونن . | Fr. | 41 | 173 | 189 | 2.37 | 0.66 | 78.91 | بەرز | ٤ |
| | % | 10.17 | 42.93 | 46.90 | | | | | |
| ڕۆتین و دووبارەیی لە پێشکەشکردنی وانەکاندا ، بەهەمان ستایل و شیوازی ئەداو دیکۆر، خوێندکار توشی ( مەلەل ) بێزاری دەکات | Fr. | 72 | 136 | 195 | 2.31 | 0.76 | 76.84 | ناوەند | ٥ |
| | % | 17.87 | 33.75 | 48.39 | | | | | |
| مامۆستای وانەبێژ لە کەناڵە پەروەردەییەکان دەتوانێت ڕاستەوخۆ زانیارییەکان بگەیەنێت . | Fr. | 73 | 148 | 182 | 2.27 | 0.75 | 75.68 | ناوەند | ٦ |
| | % | 18.11 | 36.72 | 45.16 | | | | | |
| نەبوونی پەیوەندی ( کۆنتاک) لە نێوان مامۆستا و خوێندکار لە وتنەوەی وانەکان لە کەناڵە پەروەردەییەکاندا ، مامۆستا ناچاردەبێت لەبەردەم کامێرادا نواندن ( تمثيل ) بکات ، بۆیە لە وتنەوەی وانەکەیدا مامۆستا سەرکەوتوو نابێت | Fr. | 91 | 122 | 190 | 2.25 | 0.80 | 74.86 | ناوەند | ٧ |
| | % | 22.58 | 30.27 | 47.15 | | | | | |
| مامۆستای وانەبێژ لە کەناڵە پەروەردەییەکان هاوشێوەی مامۆستای ناو پۆلەکانی خوێندنگا سەرکەوتوون لە ووتنەوەی وانەکان | Fr. | 92 | 133 | 178 | 2.21 | 0.79 | 73.78 | ناوەند | ٨ |
| | % | 22.83 | 33.00 | 44.17 | | | | | |
| مامۆستای وانەبێژلە کەناڵە پەروەردەییەکان ئازادنین لە ووتنەوەی وانەکاندا هاوشیوەی وتنەوەی وانەکان لە ناو پۆلەکانی خوێندنگادا | Fr. | 132 | 107 | 164 | 2.08 | 0.85 | 69.31 | ناوەند | ٩ |
| | % | 32.75 | 26.55 | 40.69 | | | | | |
| مامۆستای وانەبیژ لە ووتنەوەی وانەکان لە کەناڵە پەروەردەییەکان هۆکارەکانی فێربوون (وسائل تعليم ) بەکارناهێنێ | Fr. | 137 | 171 | 95 | 1.90 | 0.75 | 63.19 | ناوەند | ١٠ |
| | % | 34.00 | 42.43 | 23.57 | | | | | |
| **کۆی گشتی** | Fr. | 775 | 1262 | 1993 | **2.30** | **0.74** | **76.74** | | |
| | % | 19.2 3 | 31.32 | 49.45 | | | | | |

## بەشی سێیەم : کەناڵە پەروەردەییەکان لەڕووی ئەرکی پەروەردەیی و فێرکارییەوە .

بۆچونی بەرتوێژان لە بەرامبەر (کەناڵە پەروەردەییەکان لەڕووی ئەرکی پەروەردەیی و فێرکارییەوە)کە لە چوارچێوەی ( ١٢ ) بڕگەدایە ، توێژەر هەرەیەک لە ( دووبارە بوونەوە ، ناوەندە ژمێرەیی ، لادانی پێوانەی و گرنگی ڕێژەی ) روون دەکاتەوە ، ناوەندە ژمێرەی دەکاتە (٢,١٢)، لادانی پێوانەی دەکاتە (٠,٧٤)، هەروەها گرنگی ڕێژەی دەکاتە (٧٠,٥٢) .

سەبارەت بە برگەکانیش بەپێی ئەنجامەکانی ئەم خشتیەدەردەکەوێت ، بڕگەی(کەناڵە پەروەردەییەکان بەشدارن لە بڵاوکردنەوەی زانیاری پەروەردەیی و فێرکاری)کە لە پلەی یەکەمدا دێت ، ناوەندە ژمێرەیی دەکاتە ( ٢.٣١) ،لادانی پێوانەیی دەکاتە (٠.٦٣)، گرنگی ڕێژەیی ( ٧٧.٠١٪) . برگەی(کەناڵە پەروەردەییەکان دەتوانن جێگەی مامۆستای تایبەت بگرنەوە) ناوەندە ژمێرەیی بریتی یە لە (١.٧٦)ئەو ئەنجامە لە ئاستی ناوەند دایە ، لادانی پێوانەی بریتیە لە( ٠.٧٩)وە گرنگی ڕێژەیەکەی بریتی یە لە( ٥٨.٦٤٪) ، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٦) .

خشتەی (١٦) کەناڵە پەروەردەییەکان لەڕووی ئەرکی پەروەردەیی و فێرکارییەوە ڕوون دەکاتەوە

| کەناڵە پەروەردەییەکان لەڕووی ئەرکی پەروەردەیی و فێرکارییەوە | وا نیە | هەندێک جار | وایە | ناوەندە ژمارەیی | لادانی پێوانەی | گرنگی ڕێژەیی % | ئاست | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | Fr. | Fr. | Fr. | | | | | |
| | % | % | % | | | | | |
| کەناڵە پەروەردەییەکان بەشدارن لە بڵاوکردنەوەی زانیاری پەروەردەیی و فێرکاری | 37 | 204 | 162 | 2.31 | 0.63 | 77.01 | ناوەند | ١ |
| | 9.18 | 50.62 | 40.20 | | | | | |
| کەناڵی پەروەردەیی سەرکەووتوو بووە لە دەستنیشان کردنی مامۆستای وانەبێژی( گونجاو و شیاو )بۆ ووتنەوەی وانەیەکی دیاریکراو | 56 | 172 | 175 | 2.30 | 0.70 | 76.51 | ناوەند | ٢ |
| | 13.90 | 42.68 | 43.42 | | | | | |
| بەهۆی کەناڵە پەروەردەییەکانەوە بابەتە فێرکاریەکان بەشێوەیەکی زانستی دەخرێنەڕوو | 61 | 185 | 157 | 2.24 | 0.70 | 74.61 | ناوەند | ٣ |
| | 15.14 | 45.91 | 38.96 | | | | | |
| لەکەناڵە پەروەردەییەکاندا وانەکانی بەشێوازێکی سادە و ڕووکەش دەخرێنەڕوو | 84 | 141 | 178 | 2.23 | 0.77 | 74.44 | ناوەند | ٤ |
| | 20.84 | 34.99 | 44.17 | | | | | |
| پەخشی وانەکانی خوێندن لە کەناڵی پەروەردەییەکاندا و بە زمانە جیاوازەکان بەپێی ناوچەکان گرنگی پێێ دەدرێت | 78 | 166 | 159 | 2.20 | 0.74 | 73.37 | ناوەند | ٥ |
| | 19.35 | 41.19 | 39.45 | | | | | |
| لەکەناڵە پەروەردەییەکانداماوەی پەخشی وانە و بەرنامەکان لە ڕووی ئەرکە پەروەردەییەکانەوە کەمە | 94 | 163 | 146 | 2.13 | 0.76 | 70.97 | ناوەند | ٦ |
| | 23.33 | 40.45 | 36.23 | | | | | |
| زۆری دووبارەبوونەوەی بەرنامەکانی کەناڵە پەروەردەیەکان لە ڕووی فیربوونەوە کاریگەری کەمتر دەبێ | 90 | 171 | 142 | 2.13 | 0.75 | 70.97 | ناوەند | ٧ |
| | 22.33 | 42.43 | 35.24 | | | | | |
| بەکارهێنانی زمان و زاراوەی قورس لە گفتووگۆی بەرنامە پەروەردەییەکان بوەتە هۆی ئەوەی نەتوانم سوودمەند بم | 121 | 139 | 143 | 2.05 | 0.81 | 68.49 | ناوەند | ٨ |
| | 30.02 | 34.49 | 35.48 | | | | | |
| کەناڵە پەروەردەییەکان نەیان توانیوە وەک پێویست گەشە بە هۆشیاری فێرکاریی بدەن | 125 | 135 | 143 | 2.04 | 0.82 | 68.16 | ناوەند | ٩ |
| | 31.02 | 33.50 | 35.48 | | | | | |
| بەرنامە پەروەردەییەکانی کەناڵە پەروەردەیەکان لە ڕووی تەکنیک و شێوازی دارشتنەوە لاوازن | 103 | 184 | 116 | 2.03 | 0.74 | 67.74 | ناوەند | ١٠ |
| | 25.56 | 45.66 | 28.78 | | | | | |
| کەناڵە پەروەردەییەکان لە گەیاندنی زانیاریدا زیاتر پشتیان بە زانیارییە دەرەکیەکان بەستووە | 102 | 215 | 86 | 1.96 | 0.68 | 65.34 | ناوەند | ١١ |
| | 25.31 | 53.35 | 21.34 | | | | | |
| کەناڵە پەروەردەییەکان دەتوانن جێگەی مامۆستای تایبەت بگرنەوە | 187 | 126 | 90 | 1.76 | 0.79 | 58.64 | ناوەند | ١٢ |
| | 46.40 | 31.27 | 22.33 | | | | | |
| **کۆی گشتی** | 1138 | 2001 | 1697 | **2.12** | **0.74** | **70.52** | | |
| | 23.53 | 41.38 | 35.09 | | | | | |

- ئەنجامی تاقیکردنەوەی گریمانەکان و شیکردنەوەیان :

١- پەیوەندی ئاماژەی ئاماری لە نێوان تەماشاکردنی خوێندکارانی هەرێمی کوردستان بۆ کەناڵە پەروەردەییەکان و ڕۆڵیان لە بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون هەیە .

خشتەی (١٧) پەیوەندی نێوان گۆڕاوی ( ئایا تەماشای کەناڵە پەروەردەیەکان دەکەیت و سودت لە زانیارییەکانی کەناڵە پەروەردەییەکان وەرگرتووە) ڕوون دەکاتەوە

| ئایا تەماشای کەناڵە پەروەردەییەکان دەکەیت | | سودت لە زانیارییەکانی کەناڵە پەروەردەییەکان وەرگرتووە | | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| | | زۆر | تارادەیەک | هەرگیز | |
| بەڵێ | Count | 65 | 113 | 8 | 186 |
| | % of Total | % 16.10 | % 28.00 | % 2.00 | % 46.20 |
| نەخێر | Count | 38 | 158 | 21 | 217 |
| | % of Total | % 9.40 | %39.20 | % 5.20 | % 53.80 |
| **کۆی گشتی** | Count | 103 | 271 | 29 | 403 |
| | % of Total | % 25.60 | 67.20% | % 7.20 | % 100.00 |
| 0.000 | P-value (ئاستی بەڵگەداری) | 18.10 | Chi- Square Test (تاقیکردنەوەی کای) | | |

خشتەی ژمارە (١٧) پەیوەندی نێوان (گۆڕاوی ئایا تەماشای کەناڵە پەروەردەیەکان دەکەیت و سودت لە زانیارییەکانی کەناڵە پەروەردەییەکان وەرگرتووە) ڕوون دەکاتەوە ، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی کای (Chi- Square Test) ، بەهای کایی (Chi- Square Test) دەکاتە (١٨,١٠) وە بەهای ئاستی بەڵگەداری (P-value) دەکاتە (٠,٠٠٠) سەرئەنجام دەردەکەوێت پەیوەندیەکی ئاماریی بەڵگەداریی هەیە لە نێوان (گۆڕاوی ئایا تەماشای کەناڵە پەروەردەیەکان دەکەیت و سودت لە زانیارییەکانی کەناڵە پەروەردەییەکان وەرگرتووە) ، لەبەر ئەوەی ئاستی بەڵگەداری (P-value) بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

٢- جیاوازی ئاماژەی ئاماریی لە نێوان سامپڵی توێژینەوەکە لە تەماشاکردنی خوێندکاران بۆکەناڵە پەروەردەییەکان بەپێی گۆڕاوە دیموگرافیەکانی ( ڕەگەز ، تەمەن ، قۆناغی خوێندن ، ، پسپۆڕی خوێندن ) هەیە .

خشتەی (١٨) پەیوەندی نێوان تەماشاکردنی کەناڵە پەروەردەیەکان و زانیاری گشتی ڕوون دەکاتەوە

| زانیاری گشتی | برگە | ئایا تەماشایی کەناڵە پەروەردەیەکان دەکەیت: بەڵێ Fr. | بەڵێ % | نەخێر Fr. | نەخێر % | تاقیکردنەوەی کای: Chi- Square Test | P-value ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 95 | 51.08 | 85 | 39.17 | 5.743 | 0.017 |
| | مێ | 91 | 48.92 | 132 | 60.83 | | |
| تەمەن | ١٦ بۆ ١٧ ساڵ | 47 | 25.27 | 70 | 32.26 | 3.669 | 0.16 |
| | ١٨ بۆ ١٩ ساڵ | 66 | 35.48 | 60 | 27.65 | | |
| | ٢٠ ساڵ بۆ سەروە | 73 | 39.25 | 87 | 40.09 | | |
| قۆناغی خوێندن | ١٠ | 39 | 20.97 | 74 | 34.10 | 9.895 | 0.007 |
| | ١١ | 56 | 30.11 | 64 | 29.49 | | |
| | ١٢ | 91 | 48.92 | 79 | 36.41 | | |
| شوێنی نیشتەجێبوون | ناوەندی شار | 78 | 41.94 | 85 | 39.17 | 0.318 | 0.573 |
| | دەرەوەی شار | 108 | 58.06 | 132 | 60.83 | | |
| پسپۆری خوێندن | زانستی | 97 | 52.15 | 71 | 32.72 | 15.557 | 0.000 |
| | وێژەی | 89 | 47.85 | 146 | 67.28 | | |
| کۆی گشتی | | 186 | 100.00 | 217 | 100.00 | | |

خشتەی ژمارە (١٨) پەیوەندی نێوان (تەماشاکردنی کەناڵە پەروەردەیەکان و زانیاری گشتی ) ڕوون دەکاتەوە ، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی کای (Chi- Square Test) ، سەرئەنجام دەردەکەوێت پەیوەندیەکی ئاماریی بەڵگەداریی هەیە لە نێوان (تەماشاکردنی کەناڵە پەروەردەیەکان و ڕەگەزو قۆناغی خوێندن وپسپۆڕی خوێندن) لەبەر ئەوەی ئاستی بەڵگەداری (P-value) بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) .

## دەرئەنجامەکان

توێژەر دوای کۆکردنەوەی داتا و زانیاری توێژینەوەکە و خستنەڕوویان بە چەندین ڕێگە و شێوازی شرۆڤەکاری و ئاماری ، لێرەدا گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە تویژینەوەکە لەڕووی مەیدانییەوە پێی گەیشتووە دەخاتە ڕوو :-

١- کەناڵە پەروەردەییەکان پانتاییەکی بەرفراوانی ژیانی خوێندکارانیان داگیرکردووە ، ئەمەش پەیوەندی بەگرنگی و بایەخی ئەوکەناڵانەوە هەیە بەبابەتە فێرکاریەکان و ڕەنگدانەوەیان لە ژیانی خوێندنیاندا .

٢- زۆربەی خوێندکاران بۆ تەماشاکردنی کەناڵە پەروەردەییەکان زیاتر تەلەفزیۆن بەکار دەهێنن و بایەخی زیاتر بە تەماشاکردنی بەرنامە فێرکاریەکان دەدەن ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی تێچوونی تەلەفزیۆن .

٣- زۆربەی خوێندکاران بەتەنها تەماشای کەناڵە پەروەردەییەکان دەکەن .

٤- بەرنامە فێرکاریەکانی کەناڵە پەروەردەییەکان پڕبینەرترین بەرنامەن بەراورد بە بەرنامەکانی تری ئەوکەناڵانە .

٥- زۆرترین ڕێژەی تەماشاکردنی کەنالە پەروەردەییەکان لە ڕەگەزی مێ یە و ڕەگەزی نێر کەمترە .

٦- زۆربەی خوێندکاران بەهۆی دووبارەیی و لەیەکچوونی بەرنامەی کەناڵە پەروەردەییەکان تەماشای کەناڵە پەروەردەییەکان ناکەن دوابەدوای ئەویش هۆکارەکانی ترن .

٧- خوێندکاران زیاتر بەشەوان کاتیان بۆ تەماشاکردنی کەناڵە پەروەردەییەکان هەیە و پێویستە ئەوکەناڵانە زۆرتربەرنامە فێرکاریەکانیان لە کاتی شەواندا پەخش بکەن .

٨- زۆربەی خوێندکاران بەهۆی گرانی تێگەیشتنیان لە بابەتی بەرنامە فێرکاریەکانی کەناڵە پەروەردەییەکان سوودیان لەوکەناڵانە نەبینیوە .

٩- زۆرینەی خوێندکاران کەمتر لە ساڵێک بایەخ بە کەناڵە پەروەردەییەکان ئەدەن .

١٠- زۆرینەی خوێندکاران ڕۆژانە کەمتر لەیەک کاتژمێر تەماشای کەناڵە پەروەردەییەکان دەکەن .

مامۆستایانی وانەبێژ لە کەناڵە پەروەردەییەکاندا بەڕێژەیەکی بەرز لەووتنەوەی وانەکاندا پڕ زانیاری و بە ئەزموونن

١١- تارادەیەك و بەشێوەیەکی مامناوەند مامۆستایان لەکەناڵە پەروەردەییەکانەوە لە گەیاندنی وانەکاندا توانیویانە ڕۆڵی مامۆستای ناو پۆل بگێڕن .

١٢- هەموو خوێندکارانی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان وەکو یەکتر سوودمەند نین لەو وانانەی کەلەناڵە پەروەردەییەکانەوە پەخش دەکرێن ، چونکە جیاوازی لە شێوە زاری وانە بێژەکاندا هەیە .

## پێشنیازو ڕاسپاردەکان

**یەکەم : پێشنیازەکان / لەچوارچێوەی ئەو ئەنجامانەی سەرەوەدا توێژەرچەند پێشنیازێک دەخاتە ڕوو : -**

١- توێژە پێشنیاز دەکات بۆ لایەنی بەرپرسی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگشتی بایەخ بە کەناڵی پەروەردەیی بدات و بەتایبەتی بەیەخ بە کەناڵێ تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بدات و کار لەسەر کردنەوەی کەناڵی زیاتری پەروەردەیی بکات ، چونکە ئەنجامەکانی توێژینەوەی مەیدانی ئەو ڕاستیە دەردەخەن کە خوێندکاران بەرێژەیەکی بەرز تەماشای کەناڵە پەروەردەییەکان دەکەن و لەنێویاندا تەلەفزیۆن بە سەرچاوەی یەکەمی ئەو کەناڵانە دادەنێن کە سوودمەندە بۆیان لە بواری فێرکاری و تێگەیشتنی وانەکانیاندا .

٢- کار لەسەر هاندانی خوێندکاران بکرێت لە لایەن مامۆستاو پسپۆڕانی پەروەردەییەوە بۆ بە بەکارهێنانی کەناڵە پەروەردەییەکان لە لایەن خوێندکارانەوە بەتایبەتی لە رەگەزی نێر ، چونکە لە ئەنجامی توێژینەوەی مەیدانیدا دەرکەوت کە ڕێژەی بەکارهێنانی کەناڵە پەروەردەییەکان لە نێو خوێندکارانی ڕەگەزی نێردا لە چاو ڕەگەزی مێدا کەمترە .

٣- لەکاتی ئامادەکردنی بەرنامە فێرکاریەکانی کەناڵە پەروەردەییەکاندا پێویستە مامۆستای پسپۆڕ لەوانەکاندا بانگهێشت بکرێن و مامۆستایانی وانە بێژ لەکاتی وتنەوەی وانەکاندا شێوازی ئاسان بەکار بهێنن بۆ ئەوەی خوێندکاران بە ئاسانی لە وانەکان تێبگەن و سوودی لێ وەربگرن .

دووەم : ڕاسپاردەکان / لەچوارچێوەی ئەو ئەنجامانەی سەرەوەدا توێژەرچەند ڕاسپاردەیەک دەخاتە ڕوو بۆ توێژەرانی دیکە :

١- ئەنجامدانی توێژینەوەی دیکە لەسەر کەناڵە فێرکاریەکان لە نێو تۆڕەکۆمەڵایەتیەکاندا ، لێرەوە توێژەر چەند ناونیشانێک دیاری دەکات بەئامانجی ئەنجامدانی توێژەنەوە لەداهاتوودا : -

أ - ڕۆڵی کەناڵی فێرکاریی یوتیوب لە بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون لای خوێندکارانی هەرێمی کوردستان .

ب - ڕۆڵی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لە پرۆسەی فێربوونی خوێندکارانی هەرێمی کوردستاندا .

پ - کاریگەری تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر وئینتەرنێت لەسەر بەرەوپێشچوونی پرۆسەی فێرکاریی لەهەریمی کوردستاندا .

٢- ئەنجامدانی هەمان توێژینەوە ، بەڵام سامپڵی خوێندکارانی پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك وەربگیرێت .

## لیستی سەرچاوەکان


**یەکەم : سەرچاوە ی کوردی**

**کتێب**

١- ئەسعەد ، چۆلی . ( ٢٠١٣) . زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا . چاپخانەی کەمال . سلێمانی .

٢- جەلال ، سامان . (٢٠١٨ ). هونەری ڕۆژنامەوانی/ تەلەفزیۆن ، ڕادیۆ ، ڕۆژنامە،میدیای ئەلکترۆنی . چ١. چاپخانەی ڕۆژهەڵات . هەولێر .

٣- کەرکوکی ، حەبیب . (٢٠١١) . ڕاگەیاندن و سیاسەت ، وانەی قۆناغی چوارەم ، کۆلێژی ئاداب / بەشی ڕاگەیاندن ، بۆسالی خوێندنی ٢٠١٠ – ٢٠١١ ز .

**دووەم : سەرچاوە عەرەبیەکان**

**أ -کتێب**

١- أمبابي ، علي . (٢٠٠٧) . الاعلام التربوي المفرؤ فی المؤسسة التعليمية . العلم والايمان للنشر و التوزيع . دسوق .

٢- بصفر ، و اخرون . (٢٠١١) . ألإعلام التربوی (مفهوم،فلسفة،أهدافة) . مؤسسة طيبة للنشر. القاهرة .

٣- خضر ، وفاء . رؤية جديدة في الأعلام التربوي . ط١ . دار الفجر للنشر و التوزيع . مصر .

٤– الدليمي ، عبدالرزاق . (٢٠١١) . الاعلام التربوي . دار المسيرة . عمان .

٥ - الرفاعي ، عقيل . (٢٠٠٨) . الاعلام التربوي . دار الجامعة الجديدة . الاسكندرية .

٦- الشهاري ، محضار . (٢٠١٨ ) . تكنلوجيا في عمليتي التعليم و التعلم . ط١ . مطبعة جامعة أسيوط . كلية التربية . مصر .

٧- الطيطي ، وآخرون . (٢٠٠٨ ) . إنتاج وتصميم الوسائل التعليمية . دار عالم الثقافة. عمان .

٨- مرسي ، محمد . ( ٢٠٠٩) . أصول التربية . عالم الكتب . القاهرة .

٩ - موسى ، محمد .( ٢٠٠٢) . التربية وقضايا المجتمع المعاصر . دار الكتاب الجامعي . الامارات العربية المتحدة .العين.

**ب –گۆڤار**

١- الشعباني ، مالك . (٢٠١٢) . "دور التلفزيون في التنشئة الاجتماعية " . مجلة العلوم الانسانية و الاجتماعية: ( ٧ ) : ٢٢٤ .

٢ - عبيد ، عبدالعزيز . ( ٢٠١١ ) . "ألإعلام التربوي واتجاهاته و تصنيفاته الحديثة وكيفية الافادة منها في البلدان العربية" . مجلة التربية الجديدة : (٧) : ٣- ٣٩ .

٣ - قيدوم ، حسينة . (٢٠١٦) . " الابعاد النفسية و الاجتماعية للعالم الافتراضي" . المجلة العربية للعلوم : ١ ( ٧ ) : ١١٤ .

پ - نامەی ئەکادیمی

١- جريسات ، آمال . (٢٠١١) . " فاعلية برامج الاعلام التربوي وعلاقتها بالانضباط السلوكي لدى الطلبة" ، اطروحة دكتوراة . كلية العلوم التربوية و النفسية ، جامعة عمان العربية ، عمان .

٢- الدهشان ، جمال . (٢٠١٠) . " استخدام الهاتف المحمول في التعليم و التدريب " ، ندوة في تطبيقات تقنية المعلومات و التصال في التعليم و التدريب . كلية التربية ، جامعة الملك سعود ، الرياض .

٣ - الكسواني ، حنان . (٢٠٠٩) . "دور الصحافة الاردنية اليومية في التوعية الصحية دراسة في التحليل المضمون " ، رسالة لنيل شهادة الماجستير . كلية الاعلام ، جامعة الشرق الاوسط للدراسات ، الاردن .
ت - سايتەکان
١ -أوباري ، الحسين . ( ٢٠١٥) " كيفية استخدام اليوتوب في التعليم بطريقة آمنة وفعالة ". https://www.new-educ.com/%D8%A7%D8%B3%D8%AA%D8%AE%D8%AF%D8%A7%D9%85-%D8%A7%D9%84%D9%8A%D9%88%D8%AA%D9%8A%D9%88%D8%A8-%D9%81%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D8%AA%D8%B9%D9%84%D9%8A%D9%85
2- التلواتي ، رشيد . (2014) . "لماذا يجب استخدام التكنلوجيا في الفصول الدراسية" . https://www.new-educ.com/comment-utiliser-la-technologie-dans-la-salle-de-classe

سێیەم : سەرچاوەی فارسی
کتێب
- شعباني ، حسن . (١٣٨٣) . مهارتهای آموزشي و پروشي ، چاپ هجدهم . سازمان سمت . تهران . ايران .